مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

# الأكراد في مقياس مكيافيلي: بين شرعية قمع الغزاة وتضحياتهم

م.فارس لطيف يحيى
قسم تاريخ، كلية الاداب، جامعة سوران
Faris.yahya@soran.edu.iq
م.م.سامان عثمان عالى
قسم تاريخ، كلية الاداب، جامعة سوران
Saman.alee.@soran.edu.iq
م.م.هيرو عبدالله عمر
heroabdulla25@gmail.com
وزارة التربية

**الكلمات المفتاحية**: مكيافيلي، الأكراد، الغزو، الثورة، السلطة

**كيفية اقتباس البحث**

يحيى , فارس لطيف , سامان عثمان عالى , هيرو عبدالله عمر , الأكراد في مقياس مكيافيلي: بين شرعية قمع الغزاة وتضحياتهم ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آب ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٨ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# The Kurds on the Machiavellian scale: between the legitimacy of suppressing invaders and their sacrifices

**Fares Latif Yahya**
**Department of History, Faculty of Arts, Soran University**
**Faris.yahya@soran.edu.iq**

**SAMAN OTHMAN ALEE**
**Ass. Teacher/ History Department/ Collage of Art/ Soran University**
saman.alee@soran.edu.iq

**HERO ABDULLAH OMAR**
**Ass. Teacher/ Ministry of Education**
heroabdulla25@gmail.com

**Keywords** : Machiavelli, Kurds, conquest, revolution, power

**How To Cite This Article**
Yahya , Fares Latif , SAMAN OTHMAN ALEE ,HERO ABDULLAH OMAR , The Kurds on the Machiavellian scale: between the legitimacy of suppressing invaders and their sacrifices ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, August 2026,Volume:16, Issue 8.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract
This study titled The Kurds in the Machiavellian Scale between the Legitimacy of Oppression and Kurdish Self-Sacrifice seeks a philosophical and political analysis of the Kurdish national question the research attempts to uncover the relationship between Machiavellian authoritarianism and the justifications employed by occupying powers to legitimize their tyranny accordingly the study is divided into four main sections each exploring a critical aspect of this issue the first section

highlights the concept of authoritarianism in Machiavelli and how it is utilized by occupying states to rationalize the repression of the Kurdish people the second section discusses the strategies employed by occupiers to maintain their hegemony and divide the internal Kurdish structure demonstrating how internal fragmentation leads to the weakening of the Kurdish position

In the third section the discourse of oppression and the mechanisms used to erase the Kurdish national identity are addressed this section explains how occupiers have attempted to destroy the cultural and historical dimensions of this nation through various means finally in the fourth section the political reality of the Kurds is analyzed between the ethics of resistance and the balance of power in this axis it is discussed how the Kurds are caught between maintaining the ethical principles of struggle and engaging with the rigid balance of regional power

This study through the descriptive-analytical method reaches the conclusion that the survival of the Kurds requires a radical shift in their understanding of political philosophy it is necessary for Kurdish political discourse to move from the stage of victimhood toward the stage of power agency and mutual interest because in the Machiavellian world only power and geopolitical standing preserve legitimacy and survival

Would you like me to refine any specific terminology used in this translation, or does this version meet your requirements.

ملخص البحث

يتناول هذا البحث الموسوم بـ الكرد في ميزان الميكافيللية بين شرعنة الاضطهاد الاستعماري والتضحية الكردية تحليلاً فلسفياً وسياسياً معمقاً للقضية القومية الكردية تكمن الإشكالية المركزية للدراسة في استقصاء العلاقة الجدلية بين السلطوية الميكافيللية والمسوغات التي تعتمدها القوى المهيمنة لشرعنة سياسات القمع والإقصاء تجاه الكرد سعياً لتفكيك بنية هذه الهيمنة وفهم ديناميكيات الصراع في سياقها التاريخي والسياسي

ولمعالجة هذه الإشكالية ينتظم البحث في أربعة فصول مترابطة حيث يستعرض الفصل الأول المرتكزات الفلسفية لمفهوم السلطوية لدى ميكافيللي كاشفاً عن آليات توظيفها من قبل الدول المهيمنة كإطار أيديولوجي لتسويغ قمع الشعب الكردي وتجريده من حقوقه الوطنية أما الفصل الثاني فيركز على الاستراتيجيات العملية التي تنتهجها تلك القوى للحفاظ على سطوتها من خلال تفتيت البنية الاجتماعية والسياسية الكردية موضحاً كيف تساهم حالة التشرذم الداخلي في تقويض الموقف التفاوضي وإضعاف فاعلية الكرد على الساحة الإقليمية.

في حين يخصص الفصل الثالث لتحليل خطاب الاضطهاد والآليات الممنهجة المتبعة لطمس الهوية القومية حيث يفكك البحث المساعي الرامية لتقويض الأبعاد الثقافية والتاريخية التي تشكل عمق الوجود الكردي وينتهي البحث في الفصل الرابع بتقديم قراءة نقدية للواقع السياسي الكردي المتأرجح بين أخلاقيات المقاومة وضغوط توازنات القوى مناقشاً المأزق الوجودي الذي يواجهه النضال الكردي في محاولة التوفيق بين الالتزام بالقيم الأخلاقية للتحرر والتعامل مع موازين القوى الإقليمية الصلبة التي لا تعترف إلا بلغة المصالح

ويخلص البحث عبر المنهج الوصفي التحليلي إلى ضرورة إحداث تحول جذري في الرؤية السياسية الكردية إذ يرى أن تجاوز مرحلة الضحية نحو مرحلة الفاعلية السياسية بات ضرورة استراتيجية وبموجب المنظور الميكافيللي الذي يحكم العلاقات الدولية فإن بقاء الكرد وضمان مستقبلهم رهين بامتلاك أدوات القوة والقدرة على المناورة الجيوسياسية والارتقاء بالأداء السياسي ليتجاوز العاطفة نحو فضاء المصالح المشتركة.

## كورد لەتەرازووی مەکیاڤیللیدا: لەنێوان ڕەوایەتی چەوسانەوەی داگیرکەران و گیان بەختی خۆیاندا


فارس لطيف يحيى

مامۆستا، بەشی مێژوو، فاکەڵتی ئاداب- زانکۆی سۆران

Faris.yahya@soran.edu.iq

سامان عثمان عالی

مامۆستای یاریدەدەر، بەشی مێژوو -فاکەلتی ئاداب-زانکۆی سۆران

Saman.alee.@soran.edu.iq

هێرۆ عبدالله عمر

مامۆستای یاریدەدەر- وەزارەتی پەروەردە

heroabdulla25@gmail.com



پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی کورد لە تەرازووی مەکیاڤیللیدا لە نێوان ڕەوایەتی چەوسانەوە و داگیرکەران و گیانبەختی کوردا بەدوای شیکردنەوەی فەلسەفی و سیاسیی کێشەی نەتەوەیی کورددا دەگەڕێت، لێکۆڵینەوەکە هەوڵ دەدات پەیوەندی نێوان دەسەڵاتخوازیی مەکیاڤیللی و ئەو شەرعیەتپێدانە بدۆزێتەوە کە داگیرکەران بۆ ستەمکارییەکانی خۆیان بەکاری دەهێنن، توێژینەوەکە دابەشی سەر چوار تەوەری سەرەکی دەبێت کە هەر یەکەیان لایەنێکی گرنگی ئەم کێشەیە دەپشکنن، تەوەری یەکەم تیشک دەخاتە سەر چەمکی دەسەڵاتخوازی لای مەکیاڤیللی و چۆنیەتی بەکارهێنانی لەلایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە بۆ پاساودانی سەرکوتکردنی گەلی کورد، تەوەری دووەم باس لەو ستراتیژییانە دەکات کە داگیرکەران بۆ پاراستنی هەژموونی خۆیان و دابەشکردنی ناوخۆیی پێکهاتەی کوردی پەیرەوی دەکەن، ئەمەش دەریدەخات کە چۆن پەرتەوازەیی ناوخۆیی بۆتە هۆی لاوازبوونی پێگەی کورد.لە تەوەری سێیەمدا گوتاری چەوسانەوە و ئەو میکانیزمانە دەخرێنە ڕوو کە بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد بەکارهێنراون ئەم تەوەرە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن داگیرکەران لە ڕێگای جیاوازەوە هەوڵی لەناوبردنی ڕەهەندە کولتووری و مێژووییەکانی ئەم نەتەوەیان داوە، لەکۆتا تەوەریش واقیعی سیاسیی کورد لە نێوان ئەخلاقی بەرهەڵستکاری و هاوسەنگیی هێزدا شیکاری بۆ کراوە کەتیایدا باس لەوە دەکرێت کە کورد چۆن لە نێوان پاراستنی پرەنسیپە ئەخلاقییەکانی خەبات و مامەڵەکردن لەگەڵ هاوسەنگیی ڕەقی هێزە ناوچەییەکاندا گیری خواردووە.

ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی میتۆدی وەسفی و شیکارییەوە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە مانەوەی کورد پێویستی بە گۆڕانکاریی ڕادیکاڵ هەیە لە تێگەیشتنی بۆ فەلسەفەی سیاسی پێویستە گوتاری سیاسیی کوردی لە قۆناغی قوربانیبوونەوە بەرەو قۆناغی کاراکتەری هێز و بەرژەوەندیی هاوبەش هەنگاو بنێت، چونکە لە جیهانی مەکیاڤیلیدا تەنها هێز و پێگەی جیوپۆلەتیکی شەرعیەت و مانەوە دەپارێزن.
کلیلە وشەکان: مەکیاڤیللی، کورد، داگیرکردن، شۆڕەش، دەسەڵات

پێشەکیی

ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر خوێندنەوەی دۆزی نەتەوەیی کورد دەکات لە ڕوانگەی فەلسەفەی سیاسیی مەکیاڤیللی و چەمکی دەسەڵاتخوازییەوە بابەتەکە تیشک دەخاتە سەر پێکدادانی نێوان بەرژەوەندیی هێزە داگیرکەرەکان و قوربانیدانی گەلی کورد لە پێناو ڕزگاریدا ئەم ناونیشانە شیکاری بۆ ئەو پاساوە سیاسی و پراگماتیانە دەکات کە داگیرکەران بۆ شەرعیەتپێدانی ستەمکاری بەکاری دەهێنن هەروەها چەمکی ڕەوایەتی لە نێوان هێزی چەکداری دەسەڵاتخواز و مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورددا دەپشکێنێت ناونیشانەکە گوزارشتە لە ململانێی هەمیشەیی نێوان ئەخلاقیاتی سیاسیی کوردی و بێبەزەییبوونی واقیعی سیاسیی دەوروبەر.

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە ڕەهەندێکی نوێی فەلسەفی بەسەر کێشەی کوردا دەپۆشێت و لە قاڵبە تەقلیدییەکان دەری دەهێنێت، ئەم توێژینەوەیە یارمەتیدەرە لە تێگەیشتن لەو داینامیکیەتە سیاسییەی کە وڵاتانی داگیرکەر بۆ پاراستنی هەژموونی خۆیان پەیڕەوی دەکەن حەقیقەتی ئەو میکانیزمە مەکیاڤیللیانە ئاشکرا دەکات کە بۆ دابەشکردنی ناوخۆیی و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد بەکارهاتوون، پەردە لەسەر ئەو ڕاستییە لادەدات، کە چۆن بەرژەوەندیی باڵای دەوڵەتان هەمیشە دەخرێتە پێش بنەما ئەخلاق و مرۆییەکانەوە سەرچاوەیەکی گرنگ دەبێت بۆ ناوەندە ئەکادیمییەکان تا واقیعی سیاسیی کورد لە هاوسەنگیی هێزی ناوچەییدا بخوێننەوە ڕێگایەکی ڕوون بۆ دارشتنی گوتارێکی سیاسیی نوێ پێشنیار دەکات کە بەرگەی گۆڕانکارییە خێراکان بگرێت.

کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە لەوەدایە کە کورد هەمیشە قوربانیی فەلسەفەی پراگماتی و توندوتیژیی دەسەڵاتی دەوڵەتە داگیرکەرەکان بووە، ئەم توێژینەوەیە بەدوای ئەو تێڕوانینەدا دەگەڕێت کە بۆچی داگیرکەران چەوسانەوەی کورد وەک پێویستییەکی سیاسی دەبینن، کێشەکە لە نێوان مانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد و ستراتیژییەتەکانی سڕینەوەی ئەو ناسنامەیەدا چڕ بۆتەوە، هەروەها پرسی دژایەتی نێوان ئەخلاقیاتی بەرهەڵستکاریی کوردی و بێئەخلاقیی سیاسیی مەکیاڤیللیانەی نەیارانی دەخاتە ڕوو، توێژینەوەکە دەپرسێت چۆن کورد نەیتوانیوە هاوسەنگیی هێز بەکاربهێنێت بۆ ڕێگریکردن لەم شەرعیەتپێدانی ستەمکارییە.

پرسیاری توێژینەوە: تا چەند فەلسەفەی سیاسیی مەکیاڤیللی شەرعیەتی داوە بە ستەمکاری و چەوسانەوەی نەتەوەیی کورد لەلایەن داگیرکەرانەوە، ئایا کورد چۆن دەتوانێت لە نێوان ئەخلاقی بەرهەڵستکاری و هاوسەنگیی هێزدا پارێزگاری لە ناسنامە و قەوارەکەی بکات.

ئامانجی سەرەکی توێژینەوە دەرختستنی ڕاستییەکانی پشت گوتاری چەوسانەوە و شیکردنەوەی ستراتیژییەتەکانی داگیرکەرانە لە ناوچەکەدا ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت تێگەیشتنێکی قووڵ لەسەر چەمکی واقیعی سیاسیی کورد و هاوسەنگیی هێز پێشکەش بکات، ئامانجێکی دیکە

دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سڕینەوەی نەتەوەیی و پاراستنی قەوارەی کوردی.
توێژینەوەکە پشت بە میتۆدی وەسفی شیکاری دەبەستێت بۆ لێکدانەوەی تێکستە سیاسییەکان و دۆخی مێژوویی کورد، هەروەها میتۆدی بەراوردکاری بەکاردێت بۆ بەراوردکردنی تیۆرییەکانی مەکیاڤیللی لەگەڵ ڕەفتاری ڕاستەقینەی داگیرکەراندا.
چوارچێوەی بابەتی تەنها لەسەر چەمکەکانی دەسەڵاتخوازی و ستراتیژییەتی داگیرکەران و واقیعی سیاسیی کورد چڕ دەبێتەوە چوارچێوەی کاتی زیاتر قۆناغی هاوچەرخی مێژووی سیاسیی کورد و ڕووداوە جیوپۆلەتیکییە نوێیەکان دەگرێتەوە، چوارچێوەی شوێنی بریتییە لەو جوگرافیایەی پێی دەوترێت کوردستان و ئەو دەوڵەتانەی کە دابەشیان کردووە.

تەوەری یەکەم: دەسەڵاتخوازیی مەکیاڤیللی و شەرعیەتپێدانی ستەمکاری لای داگیرکەران
پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی و داڕشتنی ستراتیژییەکانی باڵادەستی لای هێزە داگیرکەرەکان لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی تەواوی نێوان ئاکاری گشتی و ئاکاری سیاسی بنیاد دەنرێت کاتێک مەکیاڤیللی لە پەڕتووکی میردا بە نێو ڕووداوەکانی مێژوودا دێت و لە ڕێگەی شیکاری مێژووییەوە دەسەلمێنێت کە هەڵە مێژوویيە کوشندەکان هەمیشە دەبنە هۆی بەپەراوێز مانەوە(مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٢٣-٣٥) ئەم لۆژیکە فەلسەفییە بە تەواوی بەسەر پرسی کورددا جێبەجێ دەبێت کە وەک یەکێک لە ئاڵۆزترین پرسە جیۆپۆلەتیکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕەگ و ڕیشەکەی بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەردەمی لاوازیی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دەگەڕێتەوە کاتێک هەستی نەتەوەیی بە کاریگەریی شۆڕشە کولتووری و ڕزگاریخوازە ئەوروپییەکان سەری هەڵدا، بەڵام پەرتبوونی دیموگرافیی کورد لە چوار دەوڵەتی تورکیا و عێراق و ئێران و سووریا دوای پەیماننامەی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ ململانێیەکی بەردەوامی دروست کرد، کە تێیدا کورد ناچار بووە بە ناو کێڵگەی مینی دیپلۆماسیی هەرێمیدا بڕوات کە زۆرجار بەهۆی ڕێککەوتنی دەوڵەتانی ناوەندی لە دژیان پێیاندا دەتەقێتەوە و جۆرێک لە نامۆبوونی سیاسی بۆ کورد لە ناو دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا بەرهەم هێناوە، چونکە ئاواتە نەتەوەییەکانیان بەردەوام لە لایەن دەوڵەتانی ناوەندییەوە پووچەڵ کراوەتەوە(بارکی، ٢٠٠٧، ٤) لێرەدا نائاگایی ئاکاری سیاسی لای داگیرکەران دەبێتە کەرەستەیەک کە مەکیاڤیللی مێژووی پێ دەکاتە پێش مەرج بۆ ئاگایی و ڕزگاربوون(مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٤٠-٤١، ٤٣-٤٤) لەکاتێکدا دۆخی بێ دەوڵەتی کورد بەهۆی بەرژەوەندی زلهێزەکانەوە(گەلالی:٢٠٠٩:ل١٦) نائاگایی دەکاتە پاساو بۆ چەقبەستوویی و ڕزگارنەبوونی هەمیشەیی(مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٥٠-٥١) چونکە مەکیاڤیللی پەیوەندی سەرکردە و مێژوو لەگەڵ پێشینەی دەسەڵات دەکاتە پێوەرێک بۆ بنیادنانی ئاگایی(مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٥٢، ٥٦-٥٧).
میتۆدی بەراوردکاری نیشانی دەدات کە چۆن دەسەڵاتدارانی بەغدا مێژووی ڕووداوەکان بۆ مانەوەی هێزەکانی خۆیان بەکارهێناوە کاتێک عێراق لە ساڵی ١٩٢١ەوە وەک دەوڵەتێکی دەستکرد بە دەست ناسەقامگیری و ململانێوە دەناڵێنێت و سەرەڕای سەرچاوە داراییە زەبەلاحەکانی گەشەکردنێکی بەخۆیەوە نەبینیوە، لە کاتێکدا بەریتانیا و عێراق لە ساڵی ١٩٢٢دا بەفەرمی دانیان بە بەشێک لە مافەکانی کورد دانا، بەڵام لە پەیماننامەی نێوان عێراق و بەریتانیای ساڵی١٩٣٠ و گەیشتنی عێراق بە سەربەخۆیی لە ساڵی ١٩٣٢دا ئەو بەڵێنانە پشتگوێ خران، چونکە دەسەڵاتدارانی عێراق لە ترسی داواکاریی هاوشێوە لەلایەن پێکهاتەی

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٨

شیعەوە ڕێگرییان لە فەرمیکردنی زمانی کوردی و بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان لەلایەن کوردەوە دەکرد (سۆرانی، ٢٠٢٥، ل ٩٨-٩٩) ئەم تەکتیکە لەگەڵ دیدی مەکیاڤیللی یەکدەگرێتەوە کە پێوەرەکانی مانەوە و خۆپاراستن لەلایەن کەسی دەسەڵاتدارەوە بە مێژووی کەنارکەوتوویی و بێهێزی ناوەندەکان شیکار دەکات(مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٥٥، ٧١-٧٢، ٧٩، ٨١-٨٧) نموونەی ئەم فێڵە سیاسییە لە کانوونی یەکەمی ١٩١٨دا دەرکەوت کاتێک حاکمی گشتی بەریتانی کۆلۆنێل ویلسن بە مەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ شێخ مەحموود و تاوتوێکردنی بارودۆخەکە سەردانی شاری سلێمانی کرد و بەریتانییەکان لە ڕێگەی کاپتن بێلەوە کۆمەڵێک ئاغا و سەرۆک عەشیرەتی بەرژەوەندیخوازی ناوچەکەیان ئامادەکردبوو تا دژایەتی شێخ مەحموود بکەن و ڕەخنە لە شێوازی بەڕێوەبردنەکەی بگرن کە ئەم کارامەیی و فێڵە سیاسییەی ویلسن بۆ دۆزینەوەی بەهانەی یاسایی و جەماوەری بوو تا پێگەی بەهێزی شێخ لەبەرچاوی جیهان کەم بکاتەوە دواجار کاتێک ویلسن نەیتوانی شێخ ناچاری پاشەکشە بکات کە لە یاداشتەکانیدا هێرشی توندی کردۆتە سەر و بانگەشەی ئەوەی کرد کە شێخ مەحموود حوکمڕانییەکی دکتاتۆری و خێڵەکی دەکات و شیاوی سەرکردایەتی نییە(سەنگاوی، ٢٠١٤، ل٣٣٢) ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو بنەمایەیە کە مەکیاڤیللی تێیدا پێیوایە هیچ بەربەستێک لەبەردەم سەرکردەدا نییە لەکاتی پێویستدا بۆ ئەوەی سوود لە ڕووە ئاژەڵییەکەشی وەربگرێت بۆ پاراستنی ناوەندەکەی (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ١٢٤-١٢٨، ١٣٠-١٣٣)

ئەم شەرعیەتپێدانە ستەمکارییە لە دوای کودەتای ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ لەلایەن عەبدولکەریم قاسمەوە بەردەوام بوو کاتێک لە دەستووری کاتیدا کورد و عەرەبی بە هاوبەش ناساند، بەڵام لە وتارەکانیدا خۆی لە باسی ئۆتۆنۆمی لادەدا(سۆرانی، ٢٠٢٥، ل ٩٨-٩٩) چونکە پابەندنەبوون بە ئاکارەکان ڕێگا بۆ مانەوەی ناوەند خۆش دەکات و مەکیاڤیللیش بە مێژوو هەنگاوەکانی لەدەستچوون و زیانەکان بۆ سەرکردە شیدەکاتەوە(مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ١١٤، ١١٧، ١٢٠-١٢٣) لێرەوە بەخت و چارەنووس بە جەربەزییەوە پەیوەست دەکرێت، چونکە ئەگەر جەربەزیی سەرکردە بەهانەکانی چارەنووس ببڕێت ئەوا سەرکەوتنی ئاکاری سیاسی دەرگای گەورەتر بۆ مسۆگەرکردنی دەسەڵات دەکاتەوە(مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ١٦٠-١٦١، ١٨٠-١٨١) پارادۆکسی مێژوویی لێرەدا ئەوەیە کە دامەزراوەی ناوەند و دەسەڵاتی سیاسی بەرهەمی ڕاستەوخۆی باڵادەستییە بەسەر گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا(مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٥٠-٥١) و مەکیاڤیللی بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم زاڵبییەتییە پشت بە توانا و هێز و شانس دەبەستێت کە حەزێکی سروشتی مرۆڤەکانە و فەرمانڕەواکان دەتوانن هۆکارەکانی هەر نەهامەتییەک لەناو ببەن(مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٢٥، ٣٠، ٣٨) ئەم تێڕوانینە لەگەڵ فیکری جیهان بەگلو و ئیبن خەلدون هاوتەریب دەبێت کاتێک پێیان وایە حەزی فەرمانڕەوایی و زاڵبوون بەسەر ئەوانی تردا بنەمای ڕەفتاری هێزە هەمیشەییەکانە (جیهان بەگلو، ، ٦٤؛ ئیبن خلدون، ٢٠١٦، ٢، ٣٨) و مل کەچکردنی خەڵکی بە هێز و توندییە تا مل بدەن و باوەڕ بکەن بەو پێیەی سەرکەوتنی سیاسی لە سەرکەوتنی سەربازییەوە سەرچاوە دەگرێت و سروشتی دەوڵەتی تازە دامەزراویش وا دەخوازێت کە دەوڵەتانی پێشوو و دوژمنانی پێشوو بسڕێتەوە(جیهان بگلو،_، ٢٠؛ مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٢٠، ٣٨) کە تێیدا تەنها هێز ئەنجامەکە یەکلا دەکاتەوە و هەر بانگەوازێک پێویستی بە هێزە پاڵپشتی بکات چونکە پشتیوانی گەلی خۆیان بەهێزترین هێزی سەرکردەیە(مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٥٦، ١٦١)

ئەم فۆرمە لە واقیعبینی سیاسی و لادانی ئاکاری لە هەڵوێستی یەکێتیی سۆڤیەت بەرامبەر بە کۆماری کوردستان لە مەهاباد ١٩٤٦ بە ڕوونی دەردەکەوێت کاتێک بەرژەوەندیەکانی یەکێتیی سۆڤیەت وابەستە بوو بە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کوردییەوە و بووە هۆکارێکی سەرەکی بۆ پشتگیریکردن و دامەزراندنی کۆمارەکە، بەڵام کاتێک هاوکێشەکان گۆڕان و بەرژەوەندییەکانی سۆڤیەت لەگەڵ ئێراندا یەکی گرتەوە سۆڤیەت کۆتایی بە پشتیوانییەکانی هێنا و وای کرد کۆماری کوردستان بێ پشتیوان بمێنێتەوە و تووشی هەرەس بێت(دۆسکی، ٢٠٠٥: ٨٦ ، ١٨٣؛ مەلا عیززەت، ٢٠٠١: ٢٨٤، ٢٨٩) هەمان لۆژیک لە سیاسەتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشدا ڕەنگی داوەتەوە کە هەمیشە لە چوارچێوەی سەقامگیریی دەوڵەتانی ناوچەکە یاخود ڕێگریکردن لە هەژمووونی نەیاراندا مامەڵەی کردووە کاتێک لە ساڵی ١٩٦٣ دا ئیدارەی جۆن کەنەدی هەوڵی دا ئاگربەستێک لە نێوان کورد و عێراقدا دروست بکات بۆ ڕێگریکردن لە دەستوەردانی سۆڤیەت(گیبسن، ٢٠١٩، ١٨٣) چونکە نەتەوەگەرایی عەرەبی کە لە ناوەڕاستی تەمووزی ١٩٦٣دا بە توندی ڕەنگی دایەوە بووە هۆی پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی شۆڤێنیانە کە لەلایەن ئەمریکاوە وەک کردەی جینۆساید تەماشا دەکرا و ئەم دۆخە وای لە ئیدارەی کەنەدی کرد کە بۆ ڕێگریکردن لە باڵادەستبوونی سۆڤیەت بەدوای هێنانەکایەی ئاگربەستدا بگەڕێت(فەتاح، ٢٠٢٥، ل ٩٩-١٠٠؛ گیبسن، ٢٠١٩، ل ١٨٣-١٨٤) گۆڕانی ڕاستەقینەش لە سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە کورد لە نیسانی ١٩٧٢دا و دوای بەستنی ڕێککەوتننامەی نێوان عێراق و سۆڤیەت هاتە ئارا کاتێک مەلا مستەفا بارزانی بە دووربینیی خۆیەوە توانی ململانێی نێوان هەردوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا بقۆزێتەوە و دەرگای دیپلۆماسی لەگەڵ ئەمریکادا بکاتەوە ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ئەمریکا پێشتر لە ساڵی ١٩٦٣دا بەپاساوی دوورخستنەوەی عێراق لە سۆڤیەت هاوکاریی سەربازیی بەعسییەکانی کردبوو، چونکە زلهێزەکان هەمیشە دەیانویست بزاڤی چەکداریی کورد وەک کارتێکی فشار بۆ لاوازکردنی پێگەی کۆمۆنیزم و پاراستنی ئاسایشی کەنداو بەکاربهێنن(حەسەن، ٢٠٢٥، ل ٥٥، ١٤٤؛ قادر، ٢٠٢٥، ل ١٠٠) بەم شێوەیە بارودۆخی هەرێمی نێودەوڵەتیش ڕێگەی بە کورد نەدەدا کە لە ناوەڕۆکی بەیاننامەکەی ئازاری ١٩٧٠ زیاتری چنگ بکەوێت چونکە هەر ئەوەندە مافەش بوو کە حیزبی بەعسی دەسەڵاتدار لە عێراقدا ڕەزامەندی لەسەر پیشان دابوو(شەکیب ئاکرەیی، ٢٠٢٣، ٤١٧)

پەیوەندییەکانی نێوان بەعس و پارتی دوای واژووکردنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بەرەو بنبەست چوو، چونکە هەرلایەک دەیویست خواستەکانی خۆی بەسەر ئەویدیدا بسەپێنێ و هیچ لایەکیشیان ئامادەی نیەتێکی ڕاستەقینەی نەبوو تا بەرەو ئەو ڕێیەی بچن ئەوەی لەسەری ڕێککەوتوون دەستەبەری بکەن و ئەمەش وایکرد هەوڵەکانی بەعس لە تیرۆرکردنی مەلا مستەفا بارزانی و کەمەندکێشکردنی کوڕانی بارزانی بەرەو حکوومەتدا قووڵ بێتەوە و ببێتە کۆسپی لێک تێگەیشتن(سەیف عەدنان قەیسی، ٢٠٢٤، ١٦٧) لە لایەکی ترەوە ساڵی ١٩٧٢ بۆ هەردوولا ساڵی دان بەخۆداگرتن و فرت وفێڵ بوو چونکە مەلا مستەفا بارزانی سنوری لەگەڵ ئێران دانەخستبوو و درێژەی بەهێنانی چەک دەدا(دیڤید مەکداول، ٢٠٠٥: ٥٤٣) تا دواجار لە ١١ی ئاداری ١٩٧٤دا بەغدا ناوچەی ئۆتۆنۆمی ڕاگەیاند و دوو هەفتە مۆڵەتی بە مەلا مستەفا دا کە ئەم یاسایە قبوڵ بکا و هاوشانی بەعس و شیوعییەکان بچێتە ناو بەرەی نیشتیمانی(مەکداول، ٢٠٠٥: ٥٥٠) ئەم سیاسەتە بەرژەوەندیخوازانەیە لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٧٥دا گەیشتە لووتکە کاتێک بنەمای واقیعخوازیی سیاسیی ڕۆژئاوا بەرژەوەندییە باڵا و دوورمەوداکانی خستە سەرووی پێوەرە ئاکارییەکانەوە و هێنری کیسنجەر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هاوپەیمانێتی

لەگەڵ کورد تەنها وەک نەخشەیەکی کاتی و ئامرازێک بۆ سەرقاڵکردنی سوپای عێراق و پاراستنی هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا دەبینی هەر بۆیە کاتێک ئامانجە سیاسییەکانی ئەمریکا و ئێران لە ڕێگەی ڕێککەوتننامەی جەزائیری نێوان تاران و بەغدا لە ساڵی ١٩٧٥ بەدیهاتن دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا بە هاوکاریی دەزگای ساواکی ئێرانی بەپەلە کۆتاییان بە پشتیوانییەکانیان بۆ شۆڕشی کورد هێنا و هیچ فشارێکیان بۆ ڕێگریکردن لە لێکەوتە سەربازییەکانی ئەو هەنگاوە نەخستە گەڕ بەو پێیەی لە سیاسەتی دەرەوەدا نابێت کاری هەواڵگریی نهێنی لەگەڵ کاری خێرخوازیدا تێکەڵ بکریت (پژمان، ١٩٩٧، ل. ٢٨-٩٢-١١٢؛ کۆچرا، ٢٠٠٦، ل. ٢٣٨؛ حەسەن، ٢٠٢٥، ٥٥؛ مەحوٚ، ٢٠٠٩، ل. ٢٧) دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر وەستاندنی هاوکارییەکانی ئەمریکا و ئێران وەک تیرێکی کوشندە بوو بۆ سەر شۆڕش، چونکە پێشمەرگە تەقەمەنی پێویستی نەمابوو ئەمەش بووە هۆی هەرەسێکی چاوەڕواننەکراو(بورهان ئ. یاسین، ٢٠٢٤، ل ٤٥-٤٩) بەم شێوەیە بڕیارەکانی هێنری کیسنجەر بزووتنەوەی کوردی بەرەو دارمان برد، چونکە ئەمریکا تەنها بەو برە چەکەی دەیدا کە شەڕەکە بە زیندویی بهێڵێتەوە نەک کورد سەرکەوێت و کیسنجەر بە سیاسەتی واقیعبینی هیچ بەهایەکی ئەخلاقی بۆ هاوپەیمانێتییەکە نەهێشتەوە(بورهان ئ. یاسین، ٢٠٢٤، ٥٢-٥٦، ٥٧-٥٩، ٦١-٦٤)

لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان دەریدەخەن کە پیلانی جەزائیر دارێژراوی پێشوەختە بوو و لە ٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤دا لەنێوان سەدام حوسێن و هاواری بومیدیەن کێشرابوو و لە هەمان مانگدا بۆدگۆرنی لە سۆڤیەت داوای لە شای ئێران کردبوو کە کێشەکەیان لەگەڵ عێراقدا بە ئاشتی چارەسەر بکەن و ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٥دا ئاماژەی بەم لێک نزیککردنەوەیە کردبوو تا دواجار لە کۆبوونەوەی ئۆپیک لە جەزائیر سەدام حوسێن دانی بە کوژران و برینداربوونی دە هەزار چەکداری خۆی و قەرزی چوار ملیار دۆلاردانا(ئیبراهیم جەلال، ٢٠٢١، ٦٢١) لێرەوە شای ئێران بڕیاری دا جلی پاشەکشە لەبن پاڵتۆی دەوڵەتمەداری لەبەر بکا و لە دیداری شوباتی ١٩٧٥ لە زیوریخ بە کیسنجەری ڕاگەیاند کە بەدوای دانوستان لەگەڵ سەدام حوسێندا گەڕاوە، چونکە ئۆتۆنۆمییەکی دەوڵەتی کوردی پێ قبووڵناکرێ کە بکەوێتە بن ڕکێفی حکوومەتێکی ناوەندی کۆمۆنیستی عێراق(براین ڕۆبەرت گیبسن، ٢٠٢٢، ٦٣٥) هەرچەندە کیسنجەر دەترسا کە کاری کورد تەواو بووبێت، بەڵام بۆ بەرژەوەندی هاوبەش دەستبەرداری بارزانی بوون لە کاتێکدا شا پێش دوو هەفتە لە ڕێککەوتنەکە هێشتا هانی بارزانی دەدا و ئەمریکاش نامەی پشتگیری بۆ دەنارد، بەڵام لە ٦ی ئازاردا شا بە ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەکە هەموانی سەرسام کرد و سنوورەکانی داخست لە بەرانبەریشدا عێراقییەکان سازشیان لەسەر ڕووباری شەتولعەرەب کرد (براین ڕۆبەرت گیبسن، ٢٠٢٢، ٦٣٦، ٦٣٧) بەپێی ئەم پەیماننامەیە حکومەتی عێراق ئامادە بوو دەست لە بەشێک لە خاکەکەی هەڵبگرێت تاکو بتوانێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو کوردستاندا بگەڕێنێتەوە و شای ئێرانیش گەیشتبووە ئەو بڕوایە کە مەترسی سەرکەوتنی کورد لە کورستان بۆ سەر شاهنشایی ئێران زۆرترە لە بەهێزبوونی عێراق(عەلی تەتەر، ٢٠٢٢، ١، ٤٨-٩٤) بەڵام هەر ئەم سازشەی عێراق بۆ ئێران دواتر بووە هۆکاری سەرەکی بۆ هێرشکردنی سوپای عێراق بۆ سەر ئێران پاش ئەوەی لە دیداری ئازاری ١٩٧٥دا شا داوای لە بارزانی کردبوو وەک میوان پەنا بەرنە بەر ئێران(شەکیب ئاکرەیی، ٢٠٢٣، ٦١٣، ٦١٧-٦١٨)

ئەم لۆژیکە مەکیاڤیللییەی شەرعیەتپێدانی ستەمکاری لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمیشدا بەردەوام بوو کاتێک لە کاتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨دا بەڵگەنامە



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٨

ئەمریکییەکان نیشانی دەدەن واشنتۆن هیچ هەڕەشەیەکی لە عێراق نەکرد و کاربەدەستانی ئەمریکا دەیانگوت بەڵگەی تەواو نییە کە عێراق بەرپرس بێت و دەزگای سی ئای ئەی ڕایگەیاند کە پڕوپاگەندەی ئێران و عێراق بارودۆخەکەی ئاڵۆز کردووە(رەحمان، ٢٠٢٤، ٣١) تەنانەت کاتێک ئێران بەڵگەی پێنج هەزار کوژراوی پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەهۆی ترسی تووڕەبوونی بەغدا ئامادەنەبوو نوێنەرانی کورد ببینێت و شۆڵتز ڕێگەی نەدا ئۆفیسی مافی مرۆڤیش چاویان بە لایەنی کوردی بکەوێت(رەحمانی، ٢٠٢٤، ٣٧) ئەم ڕەفتارە نێودەوڵەتییە دواتر لە ساڵی ١٩٩١دا شۆکێکی تری بەخۆیەوە بینی کاتێک ڕاپەڕینی کورد و شیعە ئەمریکا و هاوپەیمانی تووشی شۆک کرد، چونکە نەشیاندەویست عێراق بکەوێتە دەست هێزەکانی نزیک لە ئێران و بەهۆی نیگەرانییان لە نزیکبوونەوەی بەرەی کوردستان و پەکەکە گڵۆپی سەوز بۆ سەدام داگیرسا تا ڕاپەڕینەکە سەرکوت بکات، کە لێکەوتەکەی کۆڕەو بوو و دواتر لە ٥ی نیسانی ١٩٩١دا بڕیاری ٦٨٨ دەرچوو و هێڵی باکوور وەک ناوچەی دژەفڕین دیاری کران تا ئۆپۆزسیۆنێکی گونجاو بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان ڕێکبخەن(غەریب، ٢٠١٦: ٣٩) بەم شێوەیە مێتۆدی بەراوردکاری فەلسەفی و مێژوویی دیەسەلمێنێت کە چۆن دەسەڵاتخوازی مەکیاڤیللی و لادانی ئاکاری لە پێناو مانەوەی ناوەندا دەبێتە چەکێکی سەرەکی لای هێزە داگیرکەر و زلهێزەکان بۆ شەرعیەتپێدانی ستەمکاری و سەرکوتکردنی مرۆڤ یاخی لە چوارچێوەی هاوکێشە جیۆپۆلەتیکییەکاندا.

تەوەری دووەم: ستراتیژییەتەکانی داگیرکەر لە پاراستنی هەژموون و دابەشکردنی پێکهاتەی کوردی

دارشتنی بنەماکانی حوکمڕانی و چەسپاندنی دەسەڵاتی ناوەندی لای هێزە داگیرکەرەکان لە ڕێگەی مێتۆدی بەراوردکارییەوە پێوەرێکی کۆمەڵناسی قووڵمان پێدەبەخشێت کاتێک مەکیاڤیللی پێیوایە بۆ ئەو میرانەی هەوڵی ناوەندخوازییان داوە هەرگیز بە هاوپەیمانی لەگەڵ بەگزادەکان سەرکەوتوو نەبوون لەبەردەم ئەو فێڵ و تەڵەکەبازیانەی لە جەنگ و لە سیاسەتدا بەرچاو دەکەون لە پێناو جێگیربوونی دەسەڵاتدا، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ هێزەکانی تر کوردان لە سنوورێکی ناوچەی خێڵەکیدا دەرباز نەبوون و نەیانتوانیوە هاوپەیمانییەتێک دروست بکەن بۆ ئەوەی ململانێی هێزەکانی پێ بکەن و ویستی زاڵییەتی و گەیشتن بە ناوەندییان هەبێت(مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ١٤٢) لێرەوە پارچەپارچەکردنی جوگرافی و ستراتیژی پشتێنەی عەرەبی وەک ئامرازێکی سەرەکی دەردەکەوێت، چونکە پارچەپارچەکردنی کوردستان لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لە لایەن فەرەنسا و بریتانیا و بە هاوکاریی ئێران و تورکە کەمالییەکان جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ دابەشکردنی ناوچەکانی ئەفریقیا و وڵاتانی عەرەبیدا هەبوو بەو پێیەی لە کاتێکدا داگیرکاری لە ئەفریقیا و ناوچە عەرەبییەکان دواجار بووە هۆی سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەربەخۆ، بەڵام کوردستان لە دوای داڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە شێوازێک بەسەر دەوڵەتە تازەکاندا دابەشکرا تا ناسنامەی نەتەوەیی کورد بە تەواوی لەناوببرێت و ئەمەش وای کرد کورد بۆ پاراستنی بوونی خۆی پەنا بۆ خەباتی چەکداری ببات(بێشکچی، ٢٠٠٢، ٣٣) ئەم دۆخە ڕێک لەگەڵ لێکدانەوەی مەکیاڤیللی یەکدەگرێتەوە کاتێک جەخت دەکاتەوە کە بەگزادەکان لە هەر کاتێکدا دەتوانن بچنە بەرەی نەیاری میر و هەموشیان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە خۆیان بە هاوشانی میر دەزانن و بەمەش شکۆی کۆمەڵایەتی میر لەنێو خەڵکەکەیدا پەرت دەبێت، چونکە تاکە شتێک بەگزادەکان بیری لێ بکەنەوە

بەرژەوەندییەکانیانە و لە پێناویشیدا پەنا بۆ هەموو شتێک دەبەن بە جۆرێک کە خۆبەهاوشان زانینی میر و بەگزادە کوردەکان هۆکارێکی کۆمەڵایەتی خراپ بووە لەبەردەم پرۆسەی ناوەندخوازییاندا بۆیە مەکیاڤیللی لەناوباردنی میر و بەگزادەکان بە هۆکارێک دەزانێت بۆ دروستکردن و خۆسەپاندن بەسەر هەر وڵات و ناوچەیەکدا(مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٢٩، ١٤٢).

هەمیشە پلانی ئەم هێزانە ڕەوایەتی دان بووە بەخۆیان و دروستکردنی دووژمن لەپێناو درێژ کردنەوەی دەسەڵاتی خۆیان لەم چوارچێوەیەدا و پاش گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن پارتی بەعسەوە لە ساڵی ١٩٦٣ دەسەڵاتی ناوەندی سیاسەتێکی توندی هەڵاواردنی نەتەوەیی بەرامبەر بە پێکهاتەی کورد پیادە کرد کە ئامانجی سەرەکیی پەراوێزخستن و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد بوو لەو وڵاتەدا(درویش، ٢٠١٣: ٧١) وەک درێژکراوەی ئەم کارنامەیە لە هەمان ساڵدا حکومەتی سووریا بڕیاری جێبەجێکردنی پرۆژەی پشتێنەی عەرەبی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەدا دەرکرد کە ناوچەیەکی زۆرینە کوردنشین بوو، ئامانجی ستراتیژیی ئەم پرۆژەیە نیشتەجێکردنی پێکهاتەی عەرەب بوو بە درێژایی هێڵی سنووریی نێوان سووریا و تورکیا تا دابڕانی جوگرافی و گەمارۆدانی دیمۆگرافیی کوردی سووریا لە کوردی پارچەکانی تورکیا و عێراق بهێنێتە ئاراوە کە ئەمەش وەک بەشێکی دانەبڕاو لە ڕووبەڕووبوونەوەی ناوەندخوازی دژی کورد لێک دەدرێتەوە(دۆرەن، ٢٠٢٤: ٧٣) چونکە لەناو خێڵیشدا ڕەوش جێگیر نییە ئەگەر بەگزادەکان بەرژەوەندییان بکەوێتە مەترسییەوە لاریان نییە بیدەنە پاڵ هێزێکی تر بەو پێیەی کەمی خێڵ و بەگزادەکان لە شوێنێک ژیانێکی ئارامە و کەمتر دووبەرەکی تێدایە بەڵام زۆری خێڵەکان ئارامی و هاوسەنگی ناپارێزێت، چونکە هەر یەک و ئارەزوو دەمارگیرییەکی تایبەتی خۆی هەیە و بوونی گرفت لە هزری دەسەڵاتداریدا دەبێتە گرفت لە چۆنییەتی ژیانی کۆمەڵگا و دواجار کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوەی کەسایەتی دادەنێت لێرەدا ئیبن خەلدون و مەکیاڤیللی هاوڕان کە خەڵکی لەسەر ئاینی پاشاکانیانن(مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٨١-٨٣؛ ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ١، ١٦٧، ٤٤٤) و ئەم گرفتانەش لە پەرتەوازییەوە سەرچاوە دەگرن کە گەورەترین گرفتە لە پایەی ئاواکاریی دەسەڵاتدا کاتێک دەسەڵات بەرهەمی هیممەتە، بەڵام پەرتەوازی لە ڕەوشی گشتیدا پاشکۆیەتی و کەنار دێنێت(مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ١٤٢؛ ئیبن خلدون، ٢٠١٦، ١، ٣٥٧، ٣٨٢-٣٨٥، ٦٠٦)

ڕەوایەتی گۆڕانکاری دیمۆگرافی لەلای ئەو هێزانەی کوردستانیان ئەم ئەندازیارییە دیمۆگرافییە لە ڕێگەی یاسای ژمارە ٢٥١٠ لە تورکیا ڕەنگی دایەوە کاتێک حکومەتی کۆماری تورکیا لە ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردوودا پەیڕەوی لە سیاسەتێکی توند و فرە ڕەهەندی ئەندازیاری کۆمەڵایەتی دەکرد بۆ سڕینەوەی یەکجاری ناسنامەی نەتەوایەتی کورد و بۆ یاساییکردنی ئەم تاوانە یاسای ژمارە ٢٥١٠ لە ساڵی ١٩٣٤ دەرچوو کە خاکی تورکیای بەسەر سێ ناوچەی دیموگرافی و سەربازی سەرەکیدا دابەش دەکرد بە مەبەستی چۆڵکردنی ناوچە ستراتیژییەکانی کوردستان و ڕاگواستنی زۆرەملێی خێزانە کوردەکان بۆ ناوچە تورکنیشینەکان تا ڕێژەیان لە ٥٪ی دانیشتوان تێنەپەڕێت و بە ئاسانی لەناو فەرهەنگی تورکیدا بتوێنەوە هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا تەواوی دەسەڵاتی نەریتی ئاغا و شێخەکان هەڵوەشێندرایەوە و مڵک و ماڵ و زەوییەکانیان لەلایەن دەوڵەتەوە زەوتکرا(مەکداول، ٢٠٠٨، ل٢٦٥) ئەمەش لۆژیکی ئەو ناوەندخوازییەیە کە تێیدا کاتێک دانیشتووانی ناوچەیەک سەرقاڵی جیاوازی نێوانیان بووبن دەسەڵاتدارانی ناوەند بە ئاسانی دەتوانن لەو کۆمەڵگایەدا حوکمڕانییان بکەن، بەڵام نەبوونی دەسەڵات پاساوی قەزاوقەدەر بە ڕەهایی هەڵناگرێت بەڵکو کەموکوڕی دەستەبژێری سەرکردەیە، چونکە ئەوەی لە ئاشتی خۆی بۆ جەنگ ئامادە نەکات لە جەنگدا تواناکانی سنووردار دەبن بەو پێیەی مرۆڤ

کاتێک هێمنی زەریا دەبینێت هێزی زریانەکەی لەیاد دەچێت و نەبوونی دەستەبژێرێکی وشیاریش دەبێتە هۆی بێبیری لە دەسەڵاتداریدا(مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ١٥٦، ١٦٩-١٧٠) هاوشێوەی ئەم دۆخە ڕژێمی بەعس دوای تێکشاندنی بەرەنگاری هێزەکانی کورد بەخێرایی بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتی خۆی پشتێنەیەکی ئاسایشی بەدرێژایی سنووری ئێران و تورکیا دروست کرد کە پانییەکەی گەیشتە سی کیلۆمەتر و بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە لە ماوەیەدا ١٤٠٠ گوندی وێران کرد(دیڤید مەکداول، ٢٠٠٥: ٥٥٦) و لە ئاداری ١٩٧٧دا سەدام حوسێن سەردانی ئەنقەرەی کرد و هانی تورکیای دا کۆنترۆلی سنوورەکەی بکات تا ڕێگری لە گەیشتنی چەک بۆ کوردانی عێراق بکەن و سووریا و سۆڤیەتیشی تاوانبار کرد بە یارمەتیدانی کورد(ئیدگار ئۆ بالانس، ٢٠٢٢، ٢٦٥).

هەر ئەوەش نا لە دەسپێکی ئەم قۆناغە هێزە داگیرکەرەکان ڕەوایەتی ئەوەیان بەخۆیانداوە کە دەست بۆ هەموو گۆڕانکارییەک ببەن ئاستی گۆڕینی پێکهاتەی ئەتنی و کارگێڕیی کەرکووک داتاکانی سەرژمێریی نێوان سالآنی ١٩٢٢-١٩٢٤ بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن لەسەر هەوڵەکانی گۆڕینی دیمۆگرافی و سیاسەتی سڕینەوە کە وەک ئامرازێکی پێکدادانی شارستانی بەکارهاتووە، چونکە ڕێژەی کورد لە سەرژمێرێکەوە بۆ یەکێکی تر دابەزیوە و ڕێژەی عەرەب زیاد بووە بە ئامانجی تەعریب و سڕینەوەی شوناسی کوردستانیبوونی کەرکووک(قادر، ٢٠٢٢: ٦٥) بە جۆرێک کە گۆڕینی پێکهاتەی ئەتنیی کەرکووک لە ساڵی ١٩٢٥ەوە لە ڕێگەی هێنانی کرێکارانی دەرەکی بۆ کۆمپانیای نەوت و بەعەرەبکردنی پۆستە کارگێڕییەکان دەستی پێکرد(حەسەن، ٢٠٢٥، ٥٥، ١٤٤؛ قادر، ٢٠٢٥، ٣٩) و داتاکانی خشتەی پێکهاتەی دیمۆگرافیی لیوای کەرکوک لەسەرژمێرییەکانی سالآنی ١٩٤٧ بۆ ١٩٧٧ نیشانی دەدەن کە چۆن کۆی دانیشتوان لە ٢٨٥٦٠٨ کەسەوە بۆ ٤٨٣٩٧٧ زیاد بووە، بەڵام ڕێژەی کورد لە ٥٥٪ەوە بۆ ٣٨٪ دابەزیوە لە کاتێکدا ڕێژەی عەرەب لە ١٢٪ەوە بۆ ٤٤٪ بەرزبووەتەوە و ڕێژەی تورکمان لە ٢٦٪ەوە بۆ ١٦٪ و کەمینەکان لە ٧٪ەوە بۆ ٢٪ کەم بوونەتەوە(قادر، ٢٠٢٢: ٦٥) لێرەوە حکومەت هێشتا پێی خۆش بوو بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ کاربکات تا قەزاکانی چەمچەماڵ و کەلار بەناوچەکانی ئۆتۆنۆمییەوە بلکێنێت و دەستەیەکی ئیداری تێکەڵاو لە عەرەب و کورد جێگیر بکات، بەڵام مەلا مستەفا دەیگوت دەبێت ئەم دەستەیە سەر بە حکومەتی ئۆتۆنۆمی بێت و کەرکووکیش پایتەختی کوردستان بێت کە ئەم ململانێیە نیشاندەری پلانێکی سیستماتیک بوو بۆ سڕینەوەی مرۆڤەکان بە هاوکاری جاش و مستەشارەکان(مەکداول، ٢٠٠٥: ٥٥٠؛ گەلانی، ٢٠٠٩، ٨١-٩٠).

لەم چوارچێوەیەدا دروستکردنی ناڕەزایەتی و ململانێ و دابەشبوونی ناوخۆیی لای کورد وەک بەربەستێکی ناوەکی گەورە ڕەنگی دایەوە کاتێک یاخیبوونی کوردەکان لە دژی قاسم یاخیبوونێکی بنیاتنراو لەسەر تێز و بەرنامە نەبوو بەڵکو ئەم یاخیبوونە سێ گرووپ بەرپایان کرد کە بریتی بوون لە ئاغاکان و هۆزەکانیان بۆ ڕێگریکردن لە جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی زەوی و زار کە لە ساڵی ١٩٥٩دا دەستی پێکردبوو(دیڤید مەکداول، ٢٠٠٥، ٥٠٧-٥٠٨) هەروەها لە سەرەتای مانگی شوباتی ١٩٦٤دا کاتێک دانوستان دەستی پێکرد و وەفدێکی حکوومەت گەیشتە ڕانیە نووری شاوەیس سکاڵای لەسەر بارزانی هەبوو کە بواری پێ نەداوە بیروڕای مەکتەبی سیاسی پارتی بخاتە بەرچاوی وەفدی دانوستانکار(شەکیب ئاکرەیی ٢٠٢٣، ٢٢٥) ئەم ناکۆکییە ناوخۆییانە جۆرێک لە ترازیدیای دەروونی بۆ مرۆڤی یاخی دروست کرد بە جۆرێک کە ناخۆشترین ناخۆشییەکان ئەوەبوو تۆ دژی داگیرکەری وڵاتەکەت هاتبێتیت، بەڵام ئێستا لە

زیندانی ئەوانەدا بیت کە خۆیان بە خەباتکەر دەزانن لە دژی داگیرکەر و مرۆڤ نازانێت بڵێیت چی لەم بەدبەختییەدا(پێنجوێنی، ٢٠٢١، ١٢٥) ئەم پەرتەوازییە ناوخۆییە لوتکەی ململانێی چەکداری بەخۆیەوە بینی کاتێک لە ناوەڕاستی حوزەیرانی ١٩٧٨دا میدیاکانی تورکیا هەواڵی پێکدادانی هەردوو گرووپی عێراق پارتی و یەکێتییان بڵاوکردەوە کە بووە هۆی کوژران و برینداربوونی ١٠٠ کەسی یەکێتی و دەستگیرکردنی ٤٠٠ کەسی تریان بە سەرکردەکانییەوە (ئیدگار ئۆ بالانس، ٢٠٢٢، ٢٧٠) بەم شێوەیە مێتۆدی بەراوردکاری کۆمەڵناسی دەسەلمێنێت کە چۆن هێزە داگیرکەرەکان بە سوودوەرگرتن لە لۆژیکی مەکیاڤیللی و بەکارهێنانی ئەندازیاری دیمۆگرافی و لێدانی پێکهاتەی خێڵەکی توانیویانە لە ڕێگەی تێکشکانی هێزی ناوخۆیی و قووڵکردنەوەی پەرتەوازیی کورداندا هەژموونی ناوەندخوازیی خۆیان بەسەر ناوچە کەنارگیرەکاندا بسەپێنن

تەوەری سێیەم: گوتاری چەوسانەوە و میکانیزمەکانی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی

لەسەر بنەمای میتۆدی بەراوردکاری بەدیار دەکەوێت کە ستراتیژی دەوڵەتە ناوەندییەکانی ناوچەکە لە بەرامبەر پرسی کورددا ڕێک لەسەر بنەمای ئەو تیۆرانە دارێژراوە کە پێوەرەکانی مانەوە و خۆپاراستن لەلایەن کەسی دەسەڵاتدار و چۆنیەتی پارێزگاریی لە دەسەڵاتەکەی لە ڕێگەی سەرکوتەوە ڕووندەکەنەوە (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٧٩-٨٧) لێرەدا تورکیا وەک دەوڵەتێکی ناوەندی بەردەوام ستراتیژی جۆراوجۆری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بزووتنەوە جوداخوازەکان و سڕینەوەی هەستی نەتەوەیی کورد گرتووەتە بەر کە لە نێوان سەرکوتی سەربازی و ڕاگواستنی توندوتیژانە لە لایەک و بەکارهێنانی ئامرازی دیپلۆماسی و پێدانی هەندێک مافی سنوورداری زمانی و کولتووری لە لایەکی دیکەدا بووە بۆ ئەوەی بیانخاتە ژێر چەتری خۆی ئەم مامەڵە دژبەیەکە نیشانەی جۆرێک لە پووچگەراییی دەوڵەتی ناوەندییە لە ئاست چارەسەرکردنی بنەڕەتیی پرسەکەدا، چونکە پرسی کورد ناوکی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا پێکدەهێنێت و تەنانەت لە دەرەوەی سنوورەکانیش لە ڕێگەی شەڕی چەکداری یان ڕێککەوتنی ئەمنی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ وەک ئێران و سووریا هەوڵی بێدەنگکردنی دراوە (بارکی، ٢٠٠٧، ٥) ئەم مامەڵە دژبەیەکە پێشاننەدەری نێوان واقیعی سیاسی و فەلسەفەی مەکیاڤێللییە کە تێیدا سەرکردە دەبێت بێ چەند و چون لە سەرووی عەقلی کۆمەڵگاکەی هەنگاوەکانی هەڵگرێت بۆ دروستبوونی هەموو ڕەوشێک لە پێناو پاراستنی قەوارەکەیدا (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٨٨-٩١) بەم شێوەیە لە تورکیا لە چوارچێوەی پرۆژەی نوێسازیی دەوڵەتدا ڕەوتی تواندنەوەی نەتەوەیی کورد و سڕینەوەی زمانەکەی لەناو پانتایی زمانی تورکیدا وەک بەشێک لە سیاسەتی کەمالیزم و سیستەمی تاک پارتی لە نێوان ساڵانی (١٩٢٣-١٩٤٥) بە بەرنامەیەکی تۆکمە و ڕێکخراو دارێژرا و خرایە بواری جێبەجێکردنییەوە سەرەڕای گۆڕانکارییە سیاسییەکانی دواتر و کۆتاییهاتنی قۆناغی تاک پارتی ئەم سیاسەتەی دژایەتیکردنی کورد لە سەردەمی دەسەڵاتی پارتی دیموکراتیشدا (١٩٥٠-١٩٦٠) بە هەمان ئاراستە درێژەی پێدرا (عەنتەر، ٢٠٢١، ١١) ئەو سیاسەتەش بە قەدەغەکردنی هێما و زمانی کوردی دەستی پێ کرد کە ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی زنجیرەیەک ڕاپەڕینی وەک شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥) ئاگری داغ (١٩٢٨-١٩٣١) و دەرسیم (١٩٣٧) کە تێیاندا زۆرترین توندوتیژیی مێژوویی دژ بە کورد ئەنجام درا (کەریم یلدز، ٢٠٠٩: ١٩٨) ئەم ململانێیە مێژووییە چڕە لە دەوڵەتە داگیرکەرەکاندا لەگەڵ تێڕوانینی ئیبن خەلدون و مەکیاڤیللی یەکدەگرێتەوە کە مێژوو بۆ خۆی بەشێکی گرینگی مێژووی جەنگ و ململانێ و کیبڕکێی نێوان مرۆڤەکانە لە پێناو زاڵبووندا (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٥٦؛ ئیبن خلدون، ٢٠١٦،

١،٣٨٥ ٦٤٤) هەر بۆیە لە ئێران سیاسەتی فارسیکردنی چڕ و مەیلی سەپاندنی ناسنامەی ئێرانی بەتایبەت دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان ١٩٤٦ و شۆڕشی ١٩٧٩ ڕەهەندی ئەمنیی توندی وەرگرت (کەریم یڵدز، ٢٠٠٩: ١٩٨) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەزاشا پەهلەوی (١٩٢٥-١٩٤١) دوای جێگیرکردنی پێگەی خۆی هاوشێوەی مستەفا کەمال کەوتە سڕینەوەی فەرهەنگی گەلان و دروستکردنی دەوڵەتێکی ناوەندیی یەکڕەنگ لە ڕێگەی سەپاندنی یاسای توند و جێبەجێکردنی سیاسەتی تەختە قاپوو بۆ نیشتەجێکردنی زۆرەملێی خێڵە شوانکارەکان و تێکدانی پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردستان، شاکانی ئێران بە قەدەغەکردنی پۆشاکی میللی گۆڕینی ناوی کوردیی شارەکان و سەپاندنی زمانی فارسی هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی کوردییان دا، بەڵام ئەم سیاسەتانە ڕووبەڕووی نارەزایەتی و سەرهەڵدانی ڕێکخراوی سیاسی و جووڵانەوەی جەماوەری بوونەوە (غەریب، ٢٠١٦، ٣١١-٣١٢) ئەمەش لەبەر ئەوەی حەزی ملکەچکردنی ئەوانی تر لەلای کۆمەڵێک دەورووژێت دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو هەوڵەکانی خۆیان بخەنەگەڕ و لێرەشدا کاتێک کورد دەبێتە مەیدانی ناکۆکیی نێوان هێزەکان وەک زەرەرمەندی یەکەم لە کەناری مێژووی ئەو جەنگانەدا دەمێنێتەوە (بۆتل، ، ١٣) هاوشێوەی ئەم دۆخە سیاسەتی دەوڵەتی عێراق لە سەردەمی پاشایەتیدا بەرامبەر بە کورد نەرم بوو و ڕێگە بە چالاکی فەرهەنگی و خوێندن بە زمانی کوردی دەدرا، بەڵام لە سەردەمی کۆماریدا (١٩٥٨-٢٠٠٣) دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکان بە دەستووری کاتی و بەپێی ویستی فەرمانڕەوایان کاریان دەکرد و بە تایبەت لە سەردەمی بەعسدا سیاسەتی بەعەرەبکردن بەرامبەر کوردەکان پەیڕەوکرا، لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتیشەوە پشت بەستنی دەوڵەت بە نەوت و پشتگوێخستنی کشتوکاڵ بووە هۆی چۆڵبوونی گوندەکان و کۆچی بەکۆمەڵ بۆ شارەکان بە شێوەیەک کە ڕێژەی گوندنشینانی کوردستان لە ٩١,٧٪ لە ساڵی ١٩٢٧ەوە دابەزی بۆ ٢٩,١٪ لە ساڵی ١٩٨٧دا و لە ساڵی ١٩٨٨یشدا بەهۆی خاپوورکردنی گوندەکانەوە گەیشتە ڕێژەیەکی زۆر کەم هەموو برانە ئۆردگا زۆرەملێیەکان(غەریب، ٢٠١٦، ٣٩٧-٣٩٩) مێژووی ٨٢ ساڵەی عێراق تا ڕووخانی بەعس نیشانی دەدات کە هەمیشە هەوڵدراوە مۆرکی عەرەبی بە دەوڵەت بدرێت و نەتەوەکانی تر وەک کورد و تورکمان و کریستیان و جولەکە پەراوێز بخرێن و لە بۆتەی عەرەب دا بتوێندرێنەوە ئەمەش لە ڕێگەی قەدەغەکردنی زمانی دایک، ڕاگواستن، کۆکوژی و گۆڕینی دیمۆگرافیا بووە، لە ڕووی ئاینییەوە ئیسلامی سونی باڵادەست کرا ئەم سیاسەتە نارەوایانە لە سەردەمی کۆماری و بەتایبەت لە دوای ١٩٦١ چڕتر بوونەوە (غەریب، ٢٠١٦:ل١٣٦) لە دەرەنجامی ئەم ڕەوتە مێژووییەدا گەلی کورد بەردەوام ڕووبەڕووی کۆتوبەند بووەتەوە بەهۆی بەکارهێنانی زمانی دایک و پیادەکردنی نەریتە کەلتوورییەکانی لە پاڵ ئەوەشدا لە ڕووی ئابوورییەوە دووچاری پەراوێزخستن و چەوساندنەوە بووەتەوە سەرەڕای ئەوەی لە ئێستادا سیاسەتی دەوڵەتانی ناوچەکە بەرانبەر بە کورد بە بەراورد بە نیو سەدە پێش ئێستا کەمتر ئاشکرا و ڕاستەوخۆیە، بەڵام لە ڕووی ئایدۆلۆژی و هەڵوێستی فەرمیی دەوڵەتەوە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی بەسەردا نەهاتووە پرۆژەکانی بەعەرەبکردن بەتورککردن و بەفارسکردن لەو تێڕوانینەوە سەرچاوەیان گرتووە کە ناسنامەی نەتەوەیی و ئیتنیی کورد وەک هەڕەشە و مەترسییەک بۆ سەر ئاسایشی ئەو دەوڵەتانە سەیر دەکرێت لە ڕوانگەی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکانەوە ئەم جۆرە سیاسەتانە دەچنە خانەی جیاکاریی ڕەگەزی و نەتەوەییەوە (مۆنتگومری، ٢٠٠٩: ١٠٢-١٠٢٤).

مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

کاتێک بەراوردکاری لە نێوان میکانیزمە یاساییەکانی دەوڵەتانی عێراق و سووریا و فەلسەفەی هێزدا دەکەین دەبینین جەوهەری گوتاری چەوسانەوە و ململانێ شتێکە حاشا هەڵنەگر و ئارەزووی گەیشتن بە دەسەڵاتیش هۆیەکی هاوبەشی ململانێکانە کە لە ڕێگەی شەڕ و خوێنڕێژی و هێزی دەمارگیرییەوە بەدی دێت بۆ ئەوەی لە هەموو ڕوویەکەوە بەسەر ئەوانی تردا زاڵبێت و لایەنی بەرامبەر ناچار بە ملکەچی بکات (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٣٨، ٤١؛ ئیبن خلدون، ٢٠١٦، ١، ٣٥٨، ٣٦٧) لەم چوارچێوەیەدا لەپانتایی جوگرافیای سووریاشدا سیاسەتی تواندنەوەی کورد لە سەرژمێرییە ئامارییەکەی ساڵی ١٩٦٢دا گەیشتە قۆناغێکی مەترسیدار کاتێک تەنها لە پارێزگای حەسەکە مافی هاووڵاتیبوون لە نزیکەی ١٢٠ بۆ ١٥٠ هەزار کورد سەندراوە سەرەڕای ئەوەی تەواوی ژیانیان لەو وڵاتەدا بەسەر بردبوو، لە دەرەنجامی ئەم ڕێکارەدا ئەو کوردانە لە ڕووی یاسایی و دەستوورییەوە وەک کەسانی بێگانە یان بێناسنامە پۆلێن کران (کەریم یڵدز، ٢٠٠٩: ١٩٨) حکومەتی سووریا لە ڕێگەی دەرکردنی چەندین مەرسوم و بڕیاری شۆڤێنییەوە وەک داخستنی ڕێکخراوە کوردییەکان لە ساڵی ١٩٤٦ و دەرکردنی مەرسومی ژمارە ١٩٣ی ساڵی ١٩٥٢ بۆ ڕێگریکردن لە خاوەندارێتی زەوی و خانوو لە لایەن کوردەوە لەگەڵ عەرەباندنی ناوی شوێنەکان بەپێی مەرسومی ساڵی ١٩٥٣ دەستی بە چەوساندنەوەی گەلی کورد کرد کە دواتر لە ڕێگەی سیاسەتی چاکسازیی کشتوکاڵییەوە نزیکەی ٢٨٪ی کوردانی جەزیرەی لە زەوییەکانیان بێبەش کرد و موڵکەکانیانی دایە جووتیارانی عەرەب پاشان بەپێی مەرسومی ژمارە ٩٣ لە ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٢ سەرژمێرییەکی نائاسایی لە پارێزگای حەسەکە ئەنجام دا کە بەهۆیەوە ١٢٠ هەزار کورد لە ناسنامەی سووری بێبەشکران و خرانە لیستی بێگانەکانەوە و کوردانی ناوچەکە دا بەسەر سێ چینی هاووڵاتی و بێگانە و مەکتومدا بە جۆرێک کە ژمارەی بێگانەکان پێش پێدانی ڕەگەزنامە لە ساڵی ٢٠١١ گەیشتە زیاتر لە ٣٤٦ هەزار کەس (جاف، ٢٠٢٤، ١٥١-١٥٣) لە پاڵ ڕەهەندە ئەمنییەکاندا دەرکردنی بڕیارنامە تایبەتەکان بۆ لێسەندنەوەی ڕەگەزنامە لە کورد درێژەپێدەری هەمان ئەو سیاسەتە ناسیۆنالیستییانە بوو کە لە سەردەمی سەرکردەکانی پێشوو بەتایبەت لە سەردەمی سەرۆکایەتیی ئەدیب شیشەکەلی (١٩٥٣-١٩٥٤) دارێژرابوون کە سەرجەمیان بەڵگەی حاشاهەڵنەگری هەوڵەکانی دەوڵەت بوون بۆ پەراوێزخستنی یەکجاریی ئەو پێکهاتەیە ئەم جۆرە لە بێبەشکردنە یاساییە ڕێک لێکەوتەی ئەو ململانێیەیە کە تێیدا دەسەڵاتدار هەوڵ دەدات لایەنی بەرامبەر بێ مێژوو و بێ ناسنامە پیشان بدات، وەک چۆن لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەمدا لە میانی دادگاییکردنی چەند گەنجێکی نەتەوەخوازی کورد لە ئەستەنبوڵ داواکاری گشتی بانگەشەی ئەوەی کرد کە کورد بێ مێژووە و زمانەکەی تەنها لە بیست وشەی خواستراوی زمانەکانی دیکە پێکهاتووە لە بەرامبەر ئەم لێدوانەدا مووسا عەنتەر بە شێوازێکی ڕەخنەگرانە و تەنزئامێز بەرپەرچی داوەتەوەو ئاماژە بەو ناواقیعییەی کردووە کە گەلێک هەزاران ساڵ لەو ناوچەیەدا ژیابێت کەچی زمانەکەی خاوەنی تەنها بیست وشە بێت وەک تەواوکەری ئەم هەڵوێستە بەرەنگارییەش کاتێک دادوەر پرسیار لەبارەی پیشەکەیەوە دەکات عەنتەر بە ڕاشکاوی ڕایدەگەیەنێت کە پیشەی ئەو کوردایەتییە (عەلەمدار، ٢٠٢١، ٦٩-٧٠) ئەم فۆرمە لە ئینکاری یاسایی لە دەستووری ساڵی ١٩٢٥ی عێراقیشدا ڕەنگی دایەوە کاتێک بە تەواوی ئاماژەکردن بە بوونی نەتەوەیی کوردی پشتگوێ خست و زمانی عەرەبی وەک تاکە زمانی فەرمی وڵات چەسپاند حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢٦دا بە نهێنی هەوڵی دا ڕێگری لە دروستکردنی ئیدارەیەکی تایبەت

بۆ کورد بگرێت و شوناسێکی عەرەبی بەسەر ناوچەکاندا بسەپێنێت (فەتاح، ٢٠٢٥، ل ٩٩-١٠٠؛ گیبسن، ٢٠١٩، ل ١٨٣-١٨٤)
مێژوو ئەو ڕوویەی جەنگی نیشانداوە کە جەوهەری بنیادی بنیادنانەوە و سەرهەڵدانی قۆناغی نوێیە جەنگ وەک دایکی هەموو دیاردە کۆمەڵایەتی و بناغەی شارستانییەت سەیر دەکرێت یانیش دەتوانین بڵێین بە هاوبەشی لەگەڵ حاکمیەت ئەو خێزانە پێکدێنن کە بناغەی دەوڵەتداری پێ بەڕێوە دەچێت ڕۆڵی وێرانکەر و بنیادنانیش دەگێڕێت، جەنگ شێوەیەکی بنەڕەتی پەیوەندی نێوان کۆمەڵگاکانە ئەو پەیوەندییەش دەرخەری هەبوونی ناکۆکیی نێوان دوو لایەنە هەموو جەنگێکیش لایەنێکی هێرشبەر و هێرشکراوی هەیە واتە جەنگ خاڵی بەریککەوتنی نێوان دووبەرە و دوو لایەنی ململانێ کارە لەم خاڵەدا بە یەک دەگەن هەر بە جەنگەکانیشان سەرۆک و پاشا و دەوڵەت سەر هەڵدەدەن و ئەوانیش جارێکی تر جاڕی جەنگ لێ دەدەن لای مەکیاڤیللی ڕوودان حەتمییە و خۆ لێ لادانی دانانە بە شکست و لەپێناو ژێردەستە نەبوون و مانەوە پشتیگیری جەنگ دەکات (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٤٠، ٨٩، ١١٥؛ بۆتل، ٢٠٠٦، ٤٧-٤٩؛ ویل دیورانت، ٢٠٠٧، ٥١؛ ئیبن خلدون، ٢٠١٦، ١، ٤١٧، ٦٤٤) لەم ڕوانگەیەوە پاکتاوی فیزیکی کوردان لە ناوچەی دێرسیم لە باکووری کوردستان بەهۆی پێکهاتەی جوگرافی و عەشایەرییەوە هەمیشە وەک ناوەندێکی سەرەکی بەرەنگاربوونەوەی دەسەلاتی ناوەندی تورکیا مابووەوە لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٥دا دەوڵەتی تورک ناوی ئەم ناوچە مێژووییەی گۆڕی بۆ تونکوچی و باری نائاسایی تێدا ڕاگەیاند تا زەمینە بۆ هێرشی سەربازی خۆش بکات پاشان لە ساڵی ١٩٣٠دا سوپای تورک لە کۆمەڵکوژییەکی دڕندانە و بێپێشینەدا لە دۆڵی زیلان پتر لە ١٨٠ گوندی کوردی بە تەواوی خاپوور و وێرانکرد لەم پرۆسەی پاکتاوە ڕەگەزییەدا بەپێی ئامارە فەرمییەکانی دەوڵەت ١٥ هەزار و بەپێی سەرچاوە ڕاستەقینە کوردییەکان پتر لە ٥٠ هەزار مرۆڤی سڤیل کوژران سوپای تورکیا لەم هێرشانەدا تەنانەت منداڵ و ژنانیشی کردە ئامانج و چەکی قورسی دژیان بەکارهێنا ئەم ڕەفتارە توندوتیژانە نیشانەی ترسی قووڵی دەوڵەت بوو لە هەر جۆرە پەرچەکردار و ڕاپەڕینێکی کوردەکان بەرامبەر بە سیاسەتی بەتورککردنی زۆرەملێی وڵاتەکەیان (مک دوال، ٢٠٠٨، ل٢٦٦؛ ئومێد و عوسمان، ٢٠٢٣، ل١٠-١١) ئەم توندوتیژییە جەستەیە لە عێراقیشدا لە ڕێگەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە ئاداری ١٩٨٨دا گەیشتە لووتکە کە لوتکەی دەسەڵاتی سەرکوتکاری و فاشیزمی ڕژێم بوو بۆ تاقیکردنەوەی چەکی کۆکوژ لە دژی گەلی کورد ئەم مەرگەساتە قووڵایی مەینەتییەکانی کوردی نیشانی جیهان دا، بووە خاڵی وەرچەرخان لە ناساندنی دۆزی کورد و ڕووی ڕاستەقینی هەرەشەکانی سەدام حوسێن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی (گەلانی، ٢٠٠٩، ل ٧٥) لە ساڵی ١٩٨٧ بۆ ١٩٨٨ حکومەتی عێراق ٤٠ هێرشی کیمیایی بێسەروبەری ئەنجامدا کە زیانی گەورەی تەندروستی ژینگەیی و دەروونی بەردەوامی لێکەوتەوە ڕێکخراوی میدل ئیست ووچ لە ڕاپۆرتی جێنۆساید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆ سەرکورد دەڵێت:|'' کە تەنها ئەو هێرشانەی تۆمار کردووە کە بەڵگەی سەلمێنراویان هەبووە بەڵام ژمارەی ڕاستەقینە زۆر زیاترە بەپێی چاوپێکەوتنەکان لانیکەم ٦٠ گوند جگە لە هەڵەبجە بە گازی خەردەل و دەمار بوردومان کراون و ڕژێم بۆ چوار مەبەستی یەکتری تەواوکەر چەکی کیمیایی بەکارهێناوە'' (سلێمان: ٢٠١٤:لا٥٧) پرۆسەکانی ئەنفال لە نێوان ١٩٨٧-١٩٨٨ بە سەرپەرشتی سەدام حوسێن و عەلی حەسەن ئەلمەجید بووە هۆی وێرانکردنی هەزاران گوند و کوشتنی نزیکەی ١٠٠ هەزار کوردی سڤیل سمانتا پاوەر لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی کێشەیەک لە دۆزەخەوە نائومێدی ڕووداوەکانی هەڵەبجەی شیکردەوە کە چۆن گازی کیمیایی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue :8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

له فرۆکەکانەوە خەملێندرا و خەڵک لە پەناگەکانیاندا یان لە کاتی هەڵاتن بەرەو شەقامەکان گیانیان لەدەستدا (ڕەحمانی، ٢٠٢٤، ٤٧٥-٤٧٩) سەبارەت بەم تاوانە سیناتۆر جۆ لیبێرمەن لە ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا (١٦ی ئاداری ٢٠٠٩) ڕایگەیاند کە هێرشەکەی هەڵەبجە یەکێک بوو لە تاوانە دڕندەکانی مێژوو کە تێیدا گازی موستارد و سارین دژی سڤیلەکان بەکارهێناو لانیکەم ٥ هەزار کەس لە ماوەی سێ ڕۆژدا کوژران ئەمەش بەشێک بوو لە شالاوێکی بەرفراوانتری ڕژێم (سلێمان٢٠١٤: ٤٦٩) لە ٤ی ئاداری ١٩٨٨دا ڕژێم هێرشی کردە سەر ناوچەکانی کفری، کەلار، چەمچەماڵ و قەرەداخ و بەهۆی گازبارانەکەوە خەڵک خۆیان بەدەستەوە دا لە ١٠ی نیسانی ١٩٨٨دا زیاتر لە ١٨٢,٠٠٠ کەس لە سەربازگەکانی چەمچەماڵ و کەرکوکەوە بەرەو باشووری عێراق بردران و لەناوبردران (سەنگاوی:٢٠١٤: ٢٨٦) بەپێی ئاماری سلێمانی زیانەکانی ئەم پاکتاوە بریتی بوون لە وێرانکردنی ٥ قەزا ٢٦ ناحیە ٢٢٤٥ گوند و کۆمەڵکوژکردنی ١٤٠,٣٠٥ خێزان کە دەکاتە ٨٤١,٨٢٩ کەس هەروەها تێکدانی ٦٨٢ قوتابخانە ١٦٥ بنکەی تەندروستی و بڕینەوەی زیاتر لە نیو ملیۆن درەختی بەرهەمهێن لەگەڵ بەتاڵانبردنی سەدان هەزار ئاژەڵ (سلێمان، ٢٠١٤، ٧٩- ٨٠).
سەرئەنجامی ڕەوایەتی دان پەل دەکێشت بۆ جۆرێک لە تاوان لەم فۆرمە مێژووییە چڕەدا دەبینین کە ئەنفال پرۆسەیەکی بەردەوامە بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و خاپوورکردنی مرۆڤی کورد (مەنتك:٢٠٢١: ١٦) ئەنفال وشەیەکی عەرەبییە کۆی نفل بە واتای غەنیمەت و دەستکەوتی زیادە دێت کە بە شەڕ لە دوژمن دەسەندرێت مێژووی ئەم زاراوەیە بۆ پێش ئیسلام دەگەڕێتەوە کە تێیدا بە واتای تالآنی جەنگ ماڵ چەک و ئافرەت بەکارهاتووە هەندێکیش دەیگێڕنەوە بۆ دوای ئیسلام چونکە ناوی سورەتی هەشتەمی قورئانە ئەم مێژووە بۆ ساڵی دووەمی کۆچی و جەنگی بەدری گەورە دەگەڕێتەوە کاتێک لەسەر دابەشکردنی دەستکەوتەکانی جەنگ کێشە لە نێوان موسڵماناندا دروستبوو خودا ئەم سورەتەی دابەزاند (عەباس ، ئەحمەد:٢٠٢١: ١٠ -١١) لێرەدا دەردەکەوێت کە ئەنفال پرۆسەیەکی بەردەوام بووە دژی کورد بەڵام لە ژێر ناوی جیا جیا تاوێ لەژێر ناوی بڵاوکردنەوەی ئاین و دەمێکی ترلە ژێر ناوی ڕاگواستن و بە شارستانی کردن و جارێکی تر لە ژێر چەتری بەبەحس کردن و بەعەرەبکردن و بەتورککردن و بە فارسی کردن، بۆیە ئەگەر بەخێرایی چاوێک بە مێژووی کورد بخشێنین دەبینین پرۆسەیەک هەیە لە هەموو قۆناغەکان و لەژێر پەردەی جیاوازدا خۆی نوێ دەکاتەوە ئەویش پرۆسەی قڕکردن و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیەکە دارمان و خاپوورکردنی کەلتوورو کەسایەتی و ڕابردوو و ئایندەی هەزاران مرۆڤە کە پێیان دەگوترێت کورد (مەنتك:٢٠٢١: ١٦) ئەگەرچی لە مێژوودا ئەوە سەلمێندراوە پەرتوبلاوی زەلیلی گرفتاری ستەملێکردن و وێرانی وەکو لێکەوتەیە بەسەر هەر گەلێکدا هاتبێت واتەی دەرفەتی دەرچوون و سەردەستەبوونیانە بەشێک لە دیاردەکان لە زۆربەی میللەتاندا بێ جیاوازی هەن کەچی دەکرێت یەکێک لە دیاردەکان ئەوەندە کاریگەریی لە تاکەکانی یەکێک لەو میللەتانە بکات تەنانەت ببێتە خوو لەنێوانیان خۆیانی پێوە بگرن و تێکەڵ بە نەریت ببێت (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ١٧٧-١٧٨، ١٨٨) بەپێی ماددەی ٢ی پەیماننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جێنۆساید (٩ی دیسەمبەری ١٩٤٨) تاوانەکانی دژ بە کورد وەک: بۆمبارانی قەلادزێ ١٩٧٤، کۆمەڵکوژی و ڕاگواستنی کوردی فەیلی ١٩٨٠، بێسەروشوێنکردنی بارزانییەکان، بۆمبارانی زێوە، ئەنفالی ١٩٨٨ و گازبارانی هەڵەبجە، ڕاگواستنی پشدەر، سەیدسادق، مەخمور، دەوروبەری کەرکوک ، دەکان و کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان لە شەنگال بە جینۆساید دادەنرێن، چونکە ئەم کردەوانە بە مەبەستی لەناوبردنی

تەواو یان بەشێکی گرووپەکە بوون لە ڕێگەی کوشتن زیانی گیانی و ڕۆحی خستنە ناو بارودۆخی فەوتان وەک زیندانی دوبز و نوگرەسەلمان و پێشگرتن لە زاوزێ بەهۆی جیاکردنەوەی ژن و پیاو و کوشتنی پیاوان، هەروەها تاوانی جینۆساید دابڕانی بەزۆری منداڵان و گواستنەوەیان بۆ ناو گرووپێکی تر دەگرێتەوە دوای ڕووخانی بەعس ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان (لە ١٤-٤-٢٠٠٨ بە بڕیاری ژمارە ١٣) ئەنفالیان بە جینۆساید ناساند دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق دوای ٦١ دانیشتن بڕیاری بەجینۆسایدکردن و قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانیانی دەرکرد کە زیانەکان بە ٨ ملیار دۆلار خەمڵێندران بەڵام ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لە کۆتایی ٢٠٠٩دا بە بیانووی نەبوونی بودجە پڕۆژەکەی ڕاگرت سەرەڕای ئەوەی ماددەکانی ١١١ و ١١٢ی دەستوور جەخت لە دابینکردنی بەشێک لە داهاتی نەوت بۆ زیانلێکەوتووان دەکەنەوە (عەباس ، ئەحمەد: ٢٠٢١: ٩).

تەوەری چوارەم: واقیعی سیاسیی کورد لە نێوان ئەخلاقی بەرهەڵستکاری و هاوسەنگیی هێزدا خەباتی نیشتمانیی شێخ مەحموودی بەرزنجی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دۆزی کوردی گەیاندە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی. بەریتانیا سەرەتا بۆ ڕێگری لە تورک لە مووسڵ پشتگیری لە شێخ دەکرد، بەڵام دوای ڕێککەوتنی لۆزان و ڕادەستکردنی پرسی مووسڵ بە کۆمەڵەی گەلان، سیاسەتی گۆڕا و بۆ ڕازیکردنی بەغدا دژی کورد وەستایەوە لە ڕێگەی هێزی ئاسمانییەوە سلێمانییان بۆمباران کرد و لە ١٩٢٥دا جووڵانەوەکەیان پەکخست (ئەبوبکر، ٢٠٠٥، ل٣٠؛ ئومێد و عوسمان، ٢٠٢٣، ل٧). لەسەر میتۆدی بەراوردکاری، کورد فێڵ و تەڵەکەبازی نازانێت و هێڵە پیرۆزەکانی بۆ دەسەڵات بەکارنەهێناوە، ئەمەش پێچەوانەی هێزە ئیمپریالییەکانە کە مەکیاڤیللی وەک بنەمای سەرکەوتن دەیانبینێت، چونکە بەپێی ئەو، دەبێت کرداری دەوڵەت بۆ مسۆگەرکردنی سۆزی خەڵک بێت (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٨٧). شکستەکە نیشانی دەدات کە متمانەکردن بە هێزە جیهانییەکان دەبێتە هۆی کەنارکەوتن، چونکە مەکیاڤیللی مێژوو دەکاتە پێشمەرج بۆ ئاگایی (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٤٠). کاتێک نائاگایی دەبێتە واقیع، داگیرکەران کورد دەکەنە قوربانی و سەرکردەکانیان پابەندی ئاکاری سیاسی نابن و سوود لە ڕووە ئاژەڵیەکەش وەردەگرن، چونکە پابەندنەبوونی ئەوان بە بەڵێنەکان دەرگای زیان بەڕووی کورددا دەکاتەوە (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ١١٤، ١٢٤؛ ڕامین جیهان بەگلو, ٢٠٠١، ٦٤؛ مەریوان، ٢٠٠٨، ٤٠).

شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە شوباتی ١٩٢٥ لە باکوور دژی سیاسەتی شۆڤێنی و سێکولاری ئەنقەرە هەڵگیرسا، بەڵام بەهۆی پێکدادانی پێشوەخت لە گوندی پیران پلانەکە تێکچوو. شێخ داوای گێڕانەوەی خەلافەت و مافی کوردی دەکرد، بەڵام ناکۆکی عەشایەری و مەزهەبی ڕێگربوون. تورکیا بە هاوکاری هێڵی ئاسنی فەڕەنسا لە سووریاوە هێزی گەیاند و شۆڕشەکەی سەرکوت کرد، شێخ و دەیان هاوڕێی لەسێدارە دران و نیو ملیۆن کورد ڕاگوێزران (مک دوال، ٢٠٠٨، ل٢٥١؛ ئومێد و عوسمان، ٢٠٢٣، ل٨-٩). دادگای سەربەخۆیی دیاربەکر لە ٢٩ی حوزەیراندا فەرمانی لەسێدارەدانی بەسەر ٤٧ کەسدا جێبەجێ کرد، لەوانە: شێخ سەعید، حیکمەت، شێخ عەبدوڵلا لەمێلیکان، شێخ ئیسماعیل، شێخ عەبدوڵلەتیف، قاسم، حاجی خالید، کامل شەرەکەسی، ڕەشید، ئیسماعیل، مەلا ئەمین، شێخ عەلی، بابا بەگ، ڕەشید تەیمور، محەمەد سلێمان، بەحری، ئەمین شەوکەت، شەقسود حەمید، مەلا زگرد، عەبدولمەجید، شێخ شەریف، سلێمان، عەلی، یوسف حوسێن، مەلا جەمال، نیعمەت ئەحمەد، محەمەد موهری، و حاجی سدیق (جەلیلی جەلیل و ئەوانی دی، ٢٠١٥، ٢٤٠). پاشان بزووتنەوەی ئاگری داغ لە ١٩٢٨دا ڕووبەڕووی فێڵی لێبوردنی گشتی تورک بووەوە؛

ئیحسان نووری پاشا باوەڕی پێ نەکردن و زیانێکی گەورەی لە سوپای تورک دا (کوژرانی چەند هەزار سەرباز، تیاچوونی ١٢ فڕۆکە، ٦٠ تۆپ و چەک). ئەمەش ئەنقەرەی ناچاری سەربازیی ئیجباری کرد، بەڵام دواجار بەهۆی گەمارۆ و نەمانی ئازووقە شۆڕشەکە لە تشرینی یەکەمی ١٩٣٠ کۆتایی هات و ئیحسان نووری چووە تاران (سەجادی، ١٩٥٩، ل٣٩١).
پێشتر ڕۆشنبیران لە ١٩٢٧دا کۆمەڵەی خۆیبوونیان لە بەیرووت دامەزراندبوو و شۆڕشی ئاگریان بە ڕابەرایەتی ئیحسان نووری ڕێکخست و ئاڵای کوردستانیان شەکاندەوە. تورکیا کاتێک گفتوگۆکانی ڕەتکرانەوە، لەگەڵ ڕەزا شای ئێران بۆ گۆڕینەوەی سنوور ڕێککەوت و بە گەمارۆدان شۆڕشەکەی لە ١٩٣٠دا کپ کردەوە (جەوەیدە، ٢٠٠٨، ل٤٥٢؛ سەجادی، ١٩٥٩، ل٣٩١). بە گشتی خەباتی چەکداری کورد بە ئایدۆلۆژیای جیاواز بەردەوام بوو (ڕەشید، محمد، ٢٠٢٤، ٤٧-٥٣)؛ تەنانەت لە ٧ی تەمموزی ١٩٨٩دا پارتی و یەکێتی جەختیان لە بەهێزکردنی کردەوە (هەینی، ٢٠٢٥، ٥٩٨-٥٩٩). لۆمەی شکستی شۆڕشەکان زیاتر بەهۆی دووبەرەکی خێڵەکانەوە بووە، چونکە بەپێی مەکیاڤیللی، هەر کەسێک ببێتە هۆی مەزنی ئەوانی تر، دەبێتە هۆی لەناوبردنی خۆی (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٤١، ٤٧). بەڵام ڕەوشی کورد قەبڵێنراوی قەزا و قەدەر نییە، بەڵکو چارەنووس مەیلی بەلای جەربەزیدا هەیە نەک وریایی؛ تەنها میر دەتوانێت بەرامبەر ڕەوشەکان سروشتی خۆی بگۆڕێت، چونکە نائاگایی دەبێتە پاساو بۆ چەقبەستوویی و تەنها بە ئاگایی مێژوویی دەسەڵات دەپارێزرێت (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٢٥، ٥٠، ١٥٥، ١٧٧؛ ئیبن خلدون، ٢٠١٦، ١، ٤٤٢؛ لۆبون، ٢٠٠٦، ١٤٣؛ وەردی، ٢٠١٦، ٢٠٨).
لە ڕۆژهەڵات، دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦ بە بەشداری بارزانییەکان هیوایەک بوو، بەڵام بەهۆی ڕێککەوتنی سۆڤێت و ئێران و کشانەوەی ڕووسەکان لە ساڵی ١٩٤٦داڕوخا(غەریب، ٢٠١٦، ٢٠٨، ٢٢٣-٢٢٤). پێشتر بەرپرسانی سۆڤیەت هەوڵیان دا سەرۆک عەشیرەتەکانی وەک عومەرخانی شکاک ڕازی بکەن، بەڵام ئەوان بەهۆی ململانێی ناوخۆیی ڕەتیان کردەوە؛ دواجار سۆڤیەت متمانەی بە قازی محەمەد بەخشی کە حیزبی دیموکراتی دامەزراند و ئەنجومەنی نیشتمانی پێکهێنا، و هاتنی مەلا مستەفا بارزانیش پاڵپشتییەکی گەورەی سەربازی بوو (مک دوال، ٢٠٠٨، ل٣٠٥؛ جەوەیدە، ٢٠٠٨، ل٥٢٧). کۆماری مەهاباد لە تەمەنی ١١ مانگیدا دەستکەوتی مەزنی وەک قوتابخانەی کچانی مەهاباد، خوێندنی زۆرەملێ بە زمانی دایک، چاپی پەرتووکی کوردی و گۆڤاری هەڵاڵەی ژنانی لەسەر ئامێری سۆڤیەتی تۆمارکرد (جوەیدە، ٢٠٠٨، ل٥٣٥). لە قۆناغی هاوچەرخدا، دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ١٩٧٨ کاریگەری گەورەی هەبوو تا ئەو کاتەی لە ئایاری ٢٠٢٥دا هەڵوەشاندنەوەی خۆی ڕاگەیاند (بارکی، ٢٠٠٧، ٥). لە ڕوانگەی مەکیاڤیللییەوە، مێژووی کەنارکەوتوویی نیشانی دەدات کە دەبێت سەرکردە لە سەرووی عەقڵی باوی کۆمەڵگاوە بێت، چونکە تاک لە ژینگەیەکی دژبەیەکدا گەورە دەبێت (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٥٠، ٧٩، ٨٨). پابەندنەبوونی سەرۆک عەشیرەتەکان بە بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و پشتبەستن بە کلتور بەبێ هێزی ناوەندی، بووە هۆی کەنارکەوتن، چونکە پابەندنەبوون بە ئاکاری هێز زیانی مێژوویی لێ دەکەوێتەوە (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ١١٤؛ ئیبن خلدون، ٢٠١٦، ١، ١٦٧؛ وردی، ٢٠١٦، ٦٤).
شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ قۆناغێکی نوێ بوو لە کاتێکدا دوژمنان پێیان وابوو بە ئاوارەبوونی مەلا مستەفا بارزانی بۆ سۆڤیەت کێشەی کورد کۆتایی هاتووە فەلسەفەی شۆڕشی ١٤ی تەمموز لەم خاڵانەدا کورت دەبێتەوە کۆتایهێنان بە پاشایەتی و دەرەبەگایەتی کۆنترۆڵکردنی نەوت کشانەوە لە پەیمانی بەغدا و بنکەکانی بەریتانیا و پیادەکردنی بێلایەنی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

(گەلالی، ٢٠٠٩، لا٢٢-٢٧) لە باشووری کوردستان دوای شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ عەبدولکەریم قاسم بە داننان بە ناسنامەی کورد لە دەستووردا هەنگاوی بۆ تێکشکاندنی مۆدێلی دەوڵەت نەتەوە نا، بەڵام بەهۆی فشاری دەرەکی شۆڤێنیزمی عەرەبی و دروستکردنی ناکۆکی لە نێوان کورد و بەغدا پرۆژەکەی لەبار برا، لە لایەکی تریشەوە مەترسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەژموونی حزبی شیوعی وای کرد کە پارتی بچێتە ناو شەڕێکەوە کە زیاتر بۆ پاراستنی توێژی دەرەبەگ بوو کە ئەوەش وەک هەڵەیەکی مێژوویی شۆڕشی ئەیلوول لە دژی قاسم دادەنرێت (غەریب، ٢٠١٦، ٣٩٣-٣٩٦) شۆڕشی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کاتێک دەگاتە بەرزترین و توندترین شێوەی خۆی کە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خەباتی سیاسی مانگرتن خۆپیشاندان یاخود کردەی تێکدەرانە تێدەپەڕێت پاشان دەگۆڕێت بۆ ڕاپەڕینێکی گشتگیر بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی لەڕێگەی شەڕێکی شۆڕشگێڕییەوە کە تێیدا ئامرازی سەرەکی سوپایەکی جەماوەری و ڕێکخراو و ڕێکوپیک دەبێت هەموو ئەو تایبەتمەندیانە لە شۆڕشی کوردستانی عێراق ئامادەن (وانلی، ٢٠٢٥، ١٧٩-١٨٠) هەواڵەکانی تایبەت بە سەرکەوتنە سەربازییەکانی شۆڕشی کورد لە ناوچەی کوردستانی عێراق بڵاو بووەوە و بەها و سەنگی بارزانیش لە لای خەڵک بەرز بووەوە بەتایبەتیش لە هەردوو شاری سلێمانی و هەولێر و گرۆتینی میللیش بۆ شۆڕشی کورد زیادی کرد لە گەڵیدا متمانەی گەلی کوردیش بە خۆی زیاتر بوو ئیدی ئەوە بۆ ڕۆڵەکانی گەلی عێراق ڕوون بووەوە کە سوپای عێراق ناتوانێت شۆڕشی کورد سەرکوت بکات (شەکیب ئاکرەیی، ٢٠٢٣، ١٠٤.) .

کارکردن لەپێناو پارستنی یەکێتی عێراق ڕاستگۆیانە و مانەوەی لەچوارچێوەی یەکێتی عێراق کە مافەکان و ئازادیە دیموکراتییەکان بۆ جەماوەری هەردوو گەلی عەرەبی و کوردی فەراهەم بکات لەسایەی سستمێکی دیموکراتی پەرلەمانی دروست مومارەسەی سیاسەتێکی دەرەکی نشتیمانی بکات حزبیش نمونەی بوونی ئەم دەوڵەتە بەمەرجێکی جەوهەری دادەنێت بۆ بەردەوامی دان و پەرەسەندنی یەکێتی عەربی کوردی و پتەوکردنی یەکێتی عێراق ڕاستگۆیانە و سووربوونی حزب لەسەر پاراستنی یەکێتی عێراق و گەرەنتی ئەوەی گەلی کورد بەمافە نەتەوەییەکانی شادبێت ئەمەش بە داننان بە مافی حوکمی زاتی بۆ گەلی کوردی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەو سنوری کۆماری عێراق کۆماری عەرەبی کوردیدا دەبێت (جەلال تاڵەبانی، ٢٠١١، ٣٣٣) لەڕاستیدا لەسەرەتای ١٩٦١ ئەگەری بەریەککەوتن لەگەڵ ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم بوو بە واقیعێکی سەپێنراو بەسەر کورد بۆیە بەمەبەستی ناچارکردنی قاسم لە دەستبەرداربوون لە سیاسەتەکانی پارتی پەنای بردە بەر گۆڕینی شێوازیەکانی کارکردنی ئەوە بوو لە ئەیلولی ١٩٦١ مانگرتنێکی سیاسی لە سەرتاسەری کوردستان ڕێکخرا بەهۆیەوە هەموو جموجۆڵ و کارێک لە ناوچەکە وەستێنران بەڵام قاسم بایەخێکی ئەوتۆی بەم بانگەوازانە نەدا کە لە پێناوی جێبەجێ کردنی داواکارییەکانی کورد ئاراستەی کرابوون بەڵکو مکوڕتر بوو لەسەر کۆتایهێنان بە بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری کورد لە بری هەوڵدان بۆ کۆڵینەوە لە هۆکار و گازاندەکانی کورد لە ٩ی ئەیلوول بڕیاری دا لە ڕێگەی تۆپ و فڕۆکەوە بۆردومانی ناوچەکانی کورد بکرێ (شێرزاد زەکەریا، ٢٠٢١، ٢٥).

مەلا مستەفا بوو مامۆستا هەژار و ئەحمەد توفیق ی کوردی ڕۆژهەڵات و کامەران بەدرخان ی کوردی باکور و عیسمەت شەریف وانلی ی کوردی ڕۆژئاوا و حەسەن محۆ ی کوردی لوبنان و فرانسوا حەریری کریستیان و حەبیب محەمەد کەریم ی کوردی بەغدادی هێنایە ناو شۆڕش و ئەوپەڕی ڕێزی لێگرتن شۆڕشی ئەیلوول بوو کە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی باکوری کوردستانی یەکخست، شۆڕشی ئەیلول بوو کە خەڵکی پارچەکانی

کوردستانی بەو هەموو زاراوە و کولتوور و دابونەریتە جیاوازەوە بەیەک ئاشنا کرد، شۆڕشی ئەیلول بوو کە بۆ یەکەم جار ئەو هەموو ڕۆژنامەنووس و دۆستەی لە ڕۆژئاوا پەیدا کرد و سۆز و عەتفی خەڵکی ڕۆژئاوای بەرەولای کورد ڕاکێشا ئەگەر شۆڕشی ئەیلول نەبایا زۆر زەحمەت بوو کورد توانیبا لە قۆناخەکانی پاشتردا خەباتی کردبا و لە کۆتاییدا بگات بەو نیمچە ئازادییە (وریا ڕەحمانی، ٢٠٢٤، ٣٠-٣١) پارە کۆکردنەوە بڵاو کردنەوەی ڕۆژنامەی خەبات دابینکردنی ئازوقە و خواردەمەنی بۆ خەڵکی دامەزراندنی دەزگایەکی زانیاری و ڕێکخراوێکی تایبەتی بۆ سزادانی خائینان ئەمانە ئەو ئەرکە زۆر روالەتییە هەنووکەییانە بوون کە ڕێبەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان خەریکی بوون، بەڵام ئەرکی بنەرەتی وان دامەزراندنی لەشکری شۆڕشگێری کوردستان بوو، زەبت و ڕەبت و سەبر و توانای جەنگاوەرانی ئەم لەشکرە کە زۆر بەدیققەت و بەپێی تایبەتمەندی بە دەنی و ئەخلاق هەڵبژێردرابوون هەر زوو کارێکی وای کرد لەشکری شۆڕشگێری کوردستان بێ بە هێزێکی ئەوتۆ کە وێرای کەمی چەکداری کە لەساڵی ١٩٦٢دا ژمارەیان لە ٧ هەزار کەس تێنەدەپەڕی بتوانی شکستی زۆر گەورە لە بەسەر سوپای قاسم دا بێنێ (کرێس کۆچێرا، ٢٠٠٦، ٢٧٨-٢٧٩).

لەباسی مەسەلەی ئوتونومی دا لە ئاخروئۆخری ساڵی ١٩٦٢دا ڕایگەیاند کە سێیەکی دەرامەتی عێراق و کوردستان و کورسییەکانی ئەنجومەنی بەغدا دەبێ بدرێ بە کورد بە دەوڵەتێکی ناوچەیی کە دارایی و پەروردە و فێرکردن و هێزی بەرگری خۆی هەبێت تەنێ کاروباری دەرەوە لە قەڵەمرەوی دەوڵەتە بەدەستی دەوڵەتی عێراق دەبێت (کۆچێرا، ٢٠٠٦، ٢٨٦) لەسەرتای کودەتای ٨ی شوباتدا بەشێوەیەکی گشتی کورد پێی وابوو ئەو گۆڕانکارییە نوێیە دەبێتە مایەی کۆتایهێنان بە بارودۆخی ناوخۆی ناوچەکە و قۆناغێکی نوێی ئاسایش و سەقامگیری لە وڵات دەستپێدەکات لەوانەشە چارەسەرێکی ئاشتیانە و دادپەروەرانە بۆ پرسی کورد بێتە کایەوە، بەڵام هێندەی پێنەچوو کورد لە بارودۆخەکە نائومێد بوو لەگەل ئەوەشدا ساڵح یوسفی و فوئاد عارف بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بروسکەیەکی پیرۆزباییان بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش نارد و پشتگیری خۆیان بۆ کودەتاکە دەربڕی و لە بروسکەکەدا هاتبوو شۆڕشەکەتان لەگەڵ شۆڕشی مەزنی گەلی کورد دژی ستەمکاری قاسم یەکیگرت، مەلا مستەفا و مەکتەبی سیاسی پارتی ڕەخنەیان لە ناردنی ئەو بروسکەیە گرت و پێیان وابوو پەلەکراوە لەکارەدا، چونکە هێشتا هەڵوێستی ڕژێمی نوێ لەبارەی پرسی کورد روون و ئاشکرا نییە ئەوەبوو دواتر پارتی بەگوێرەی ڕێککەوتنێک لەگەڵ سەرانی کودەتاکە ئاگر بەستی ڕاگەیاند، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت تەنیا ڕێکەوتنێکی زارەکی بووە هیچ دەقێکی نووسراویان لە نێواندا نەبوو لە بارەیەوە جەرجیس فەتحوڵڵا دەڵێت: '' ڕێککەوتنی نووسراو لەئارا نەبوو بەڵکو تەنها ئەوەی پێی دەڵین ڕێککەوتنی جەنتڵمانی ''(گۆمەتاڵی، ٢٠٢٤، ١٣-١٤؛ بادی، ٢٠٠٥، ١٢٤) دیارە سەرکردایەتی شۆڕش دەربارەی کودەتاکە دوو هەڵوێستیان هەبوو هەڵوێستی مەکتەبی سیاسی دەست بەسەر شارەکان بگرن هەڵوێستی مەلا مستەفا و جەلال تاڵەبانی دەرفەت بەحکومەتە تازەکەی عێراق بدرێت لەم بارەیەوە تاڵەبانی دەڵێت: '' منیش پێموابو ئەو بۆ چونەی مەکتەبی سیاسی عەمەلی نییە، بەڵام بەڕاستی دوایی روداوەکان دەریان خست ڕەئی مەکتەبی سیاسی زۆر دوربینانە و شۆڕشگێرانەبو'' (ڕەشید، ٢٠١٩، بەرگی یەکەم، ٢١٨) شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ی کورد لە شکستی شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٨ی عێراق لەدایک بووە لەوەش زیاتر ئەو بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەی لە دەوری مەلا مستەفا بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق ڕێکخراوە

درێژەپێدەری لۆژیکی ئەو پرۆژەیە کەلەلایەن قاسمەوە لە ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ دەستی پێکردووە (ژان پرادێر، ٢٠٢٥، ٦٢) .

تەمەنی بەعسییەکان کورت بوو؛ عەبدولسەلام عارف لە ١٩٦٣/١١/١٨ کودەتای بەسەردا کردن و دەرگای گفتوگۆی لەگەڵ بارزانیدا کردەوە. حکومەت لە ڕێگای بابە عەلی شێخ مەحموودەوە لە ١٩٦٣/١٢/٩ نامەی بۆ بارزانی نارد و بارزانیش لە ١٩٦٣/١٢/٢٦ ئامادەیی بۆ چارەسەری ئاشتیانە دەربڕی (سەلاح ڕەشید، ٢٠٢٢، ٥٢). محەمەد ئاماژە بەوە دەکات کە دڵگەرمی مفاوەزات ناوناوە دەگەیشتە ڕادەیەک دەتگوت ئێستە مووی موعاوییە دەپسێت و چەندین جار ڕێگری لە موتەسەڕیفی سلێمانی کردووە کە بە نائومێدی نەڕواتەوە (محەمەد، ٢٠١٦، ٦٢٥).

لە ساڵی ١٩٧٠، پارتی و بەعس گەیشتنە ڕێککەوتننامەیەک کە ڕەنگدانەوەی متمانەبەخۆنەبوونی حکومەت و ناجێگیری داخوازیی کورد بوو. ئەم ڕێککەوتنە بەهۆی مەیلی ناوەندێتی بەعس و کاتیبوونی مانۆڕی ئۆتۆنۆمی بۆ بەهێزکردنی حکومەتی ڕاستەوخۆ، بەناکامی مایەوە (دیڤید مەکداول، ٢٠٠٥، ٥٣١). پرۆسەکە بەهۆی گۆڕینەوەی چەندین شاندەوە بەرەو ئاساییبوونەوە چوو تا گەیشتنە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار (زامدار ئەحمەد، ٢٠٢٣، ٢٧٧). دەستووری کاتی هەموارکرا تا ئاماژە بە هەبوونی دوو نەتەوەی سەرەکی (عەرەب و کورد) و مافەکانیان لە چوارچێوەی عێراقدا بکات (شەکیب ئاکرەیی، ٢٠٢٣، ٤٣٦). مەسعود بارزانی دەڵێت ئەم بەیاننامەیە بۆ یەکەمین جار بە بەڵگەیەک دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری دانی بە مافەکانی کورددا نا، بەڵام لە جێبەجێکردنیدا کۆسپ هاتەڕێ کە بەرپرسیارێتییەکەی دەکەوێتە سەر هەردوولا، هەرچەندە پشکی حکومەت زۆر گەورەتر بوو (بارزانی، ٢٠٠٤، ٤٤). مادەی چواردەمی ئەم ڕێککەوتنە پازدە مادەییە، دانان بوو بە ئۆتۆنۆمی گەلی کورد لەو شوێنانەی بەپێی سەرژمێری ئاییندە دیاری دەکران (کۆچێرا، ٢٠٠٦، ٥٣٨). بەڵام جێی داخە کە کورد بە ڕێککەوتنێک قایل بوو کە سنووری ئۆتۆنۆمی دیاری نەکردبوو، لە کاتێکدا بەغدا لە بەهاری ١٩٧٠دا مەجبوور بوو هەموو جۆرە ئیمتیازێک بدات (کریش کۆچێرا، ٢٠٠٦، ٣٦٠). لە سەرەتای ١٩٧٤دا، ئیدریس بارزانی سەدامی دڵنیا کردەوە کە لە ئەگەری ڕێککەوتنی تەواو، کورد پەیوەندی لەگەڵ ئێران دەپچڕێنێت (دیڤید مەکداول، ٢٠٠٥، ٥٤٩). بەپێی مەکیاڤیللی، ناکرێت ڕێککەوتنی جەنتڵمانی بێ متمانە لەگەڵ لایەنێکی ناوەندخوازدا بکرێتە بنەما، چونکە پابەندنەبوون بە ئاکاری هێز زیانی لێدەکەوێتەوە و پێویستە جەربەزی سەرکردە بەسەر بەختی کاتیدا زاڵ بێت (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٥٢، ١١٤، ١٨٠).

لە ڕووی سەربازییەوە، پێشمەرگە تەنها چەکی سووکی وەک کلاشینکۆف و برنۆی پێبوو، بۆیە جەلال تاڵەبانی جەختی لەسەر شەڕی پارتیزانی دەکردەوە؛ لە بەرامبەردا عێراق خاوەنی چەکی قورس، دژەفڕین، کوپتەر و دەزگای هەواڵگریی چوار هۆبەیی بوو بۆ سیخوڕی و سەرپەرشتی جاشەکان (ڕەشید، ٢٠١٤، لا٢٠٩-٢١٠). سوپای عێراق پێش جەنگی ئێران گەیشتە یەک ملیۆن سەرباز و گاردی کۆماری تەرخانکرا، بەڵام خەباتی ١٩٦١-١٩٧٥ سەرکەوتوو بوو و حکومەتی ناچارکرد لەگەڵ ئێران ڕێکبکەوێت؛ بۆیە نسکۆی ١٩٧٥ شکستێکی سیاسی بوو نەک سەربازی (ڕەشید، ٢٠١٤، لا٤٨-٢٠٨). کاتێک شای ئێران بە مەلا مستەفا بارزانی گوت دەترسم لە چیاکان لەناو بچن، بارزانی پێی باشتر بوو بەبێ یارمەتی ئێرانیش بەردەوام بن (شەکیب ئاکرەیی، ٢٠٢٣، ٦١٨). لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٥، تاڵەبانی لە دیمەشق دامەزراندنی

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٨

یەکێتی نیشتمانی (یەنەکە)ی ڕاگەیاند (دیڤید مەکداول، ٢٠٠٥، ٥٦٣). پاشان سەرکردایەتی کاتیی پارتی بە هەوڵی مەسعود بارزانی و سامی عەبدولڕەحمان، بزوتنەوەی سۆسیالیست بە ڕابەرایەتی ساڵح یووسفی، و لیژنەی ئامادەکاری پ د ک بە سەرۆکایەتی مەحموود عوسمان دامەزران (شەکیب ئاکرەیی، ٢٠٢٣، ٦٦١). لە کۆنگرەی ١٩٧٦ی برادۆستدا بە سەرۆکایەتی تاڵەبانی، سێ بزاڤ لەژێر ناوی یەکێتی نیشتمانیدا یەکیانگرت و تاڵەبانی بووە سکرتێری گشتی (کریس کۆچێرا، ٢٠٠٦، ٤٥٢). لە ساڵی ١٩٨٠ بەرەی جوقد پێکهێنرا، بەڵام بەهۆی ناکامڵییەوە، بەرەیەکی نوێ بەناوی جود بە دەسپێشخەری شیوعی بۆ ڕێگری لە پەراوێزخرانی پارتی دروستبوو (دیڤید مەکداول، ٥٦٨؛ سەلاح ڕەشید، ٢٠٢٢، ١٩٩). لە تەمموزی ١٩٨٧دا بەرەی کوردستانی پێکهێنرا و بەهۆی قوربانییەکانی جەنگی عێراق-ئێرانەوە، دۆزی کورد نێودەوڵەتی بوو، کە زەمینەی بۆ ڕاپەڕینی ١٩٩١ و هەڵبژاردنی ١٩٩٢ خۆشکرد (گەلالی، ٢٠٠٩، ٦٥، ١٠٥-١٢٨). بەشداریی مرۆیی لە دوای جەنگی دووەمی کەنداو دەستی پێکرد؛ دوای سەرکوتکردنی یاخیبوونەکە لەلایەن سەدامەوە، ١,٨ ملیۆن کورد بەرەو تورکیا و ئێران کۆچیان کرد، بەڵام تورکیا بەهۆی گرفتی ئەمنییەوە سنووری دانەخست. لە ٥ی نیساندا ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ٦٨٨ی دەرکرد، کە بووە ڕەوایەک بۆ دەستێوەردانی هاوپەیمانان، ڕاگەیاندنی ناوچەی دژەفڕین و ناوچەی ئارام لە نیسانی ١٩٩١دا (سەردەشتی، ٢٠٢٢، ل٩).

بیرۆکەی ناوچەی ئارام لەلایەن جۆن مێجەری سەرۆک وەزیرانی بریتانیا و تۆرگۆت ئۆزالی سەرۆکی تورکیاوە پێشکەشکرا تا ڕێگە بە پەنابەران بدات لەناو خاکەکەی خۆیاندا بمێننەوە لێرەدا تورکیا هێزی سەرەکیی پشت بڕیاری ٦٨٨ بوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی دواتر ئەمریکا بووە پاڵپشتیکاری سەرەکی هەرچەندە سەرەتا بەهۆی نیگەرانی لە پێکدادانی سەربازی بە ناچاری تێوەگلا ناوچەی ئارام پێشێلکاریی ڕێکەوتننامەی ساڵی ١٩٥١ی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو سەبارەت بە قەدەغەکردنی ناردنەوەی زۆرەملێی پەنابەران بەڵام بووە ئامرازێک بۆ سەپاندنی هاوکاریی مرۆیی و ڕەتکردنەوەی سەروەریی دەوڵەتی عێراق لە واقیعدا ئامانجی ئەم قەوارە بێ پێشینەیە پاراستنی تورکیا بوو لە شەپۆلی پەنابەران لانیکەم بەو ئەندازەیەی کە مەبەست لێی پاراستنی کورد بوو لە چەوساندنەوەی حکومەت (سەردەشتی، ٢٠٢٢، ل١٠) لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١ ڕژێمی بەغدا بەهۆی ڕاپەڕین کۆڕەو و بڕیاری ٦٨٨ هێزەکانی لە دهۆک هەولێر و سلێمانی کێشایەوە ئەمەش جۆرە سەربەخۆیی و دەرفەتێکی بۆ دامەزراندنی دەوڵەت هێنایە ئاراوە کە ئاواتی هەموو کوردێکە بەڵام خواست شتێکە و دەرچوون لە بازنەی سەپاو شتێکی ترە لەبەر نەبوونی توانای خۆبەخۆیی و پشتیوانی نێودەوڵەتی لە ڕابردوودا داواکاری پارتەکان لە ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی تێنەپەڕیبوو و تەنانەت شارێکی ڕزگارکراویش نەبوو ببێتە ناوکی دەوڵەت (نیزامدین، ٢٠٢٢، ل٨٠) دوای جەنگی ئێران عێراق و داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە لە ساڵی ١٩٩٠ هاوپەیمانان هێرشی ئاسمانییان کردە سەر عێراق و سوپاکەی تێکشکا لە ئاداری ١٩٩١دا ڕاپەڕین لە کوردستان دەستی پێکرد و ڕانیە یەکەم شار بوو ئازاد کرا دوای کۆنترۆڵکردنەوەی کاتیی ناوچەکان لەلایەن بەعسەوە و دروستبوونی کۆڕەوە مەزنەکە لە تەمموز و تشرینی یەکەمی ١٩٩١دا خەڵک دووبارە ڕاپەڕین و دامودەزگای بەعسیان دەرکرد لە ١٩ی ئایاری ١٩٩٢ یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ١٠٥ کورسی ئەنجامدرا پارتی و یەکێتی هەر لایەک نزیکەی ٤٤٪ی دەنگەکانیان هێنا و کورسییەکانیان بەپێی ڕێککەوتنی ٥٠٪ بە ٥٠٪ دابەش کرد جەوهەر نامیق پارتی بووە سەرۆکی پەرلەمان و فوئاد مەعسوم یەکێتی بووە سەرۆکی حکومەت بۆ پۆستی ڕێبەریش بەهۆی ئەوەی هیچ کام لە

کاندیدەکان دەنگی پێویستیان نەهێنا کەس دیاری نەکرا (غەریب، ٢٠١٦، لا٣٠) پێش ساڵی ٢٠٠٣ هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ ناساندنی جینۆساید پچڕپچڕ بوون چونکە لایەنە ئیسلامییە کوردییەکان تا ساڵی ٢٠٠٣ دانیان بە جینۆسایدکردنی کورددا نەدەنا بەهۆی پەیوەندییان لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامی کە سەدامیان وەک هێمای عەرەب دەبینی بەڵام دوای ٢٠٠٣ کۆدەنگی دروستبوو کۆنفرانس بەستران و دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق ٦ دۆسیەی وەک جینۆساید ناساند ئەمەش وایکرد چەندین دەوڵەت دۆسیەکە بە فەرمی بناسن پێوەرەکانی مەکیاڤیللی بۆ مانەوە و پاراستنی دەسەڵات لە ڕێگەی دروستکردنی هاوسەنگیی پۆلیتیکی نوێ ڕوون دەکرێنەوە. کاتێک بەرەی ناوخۆیی یەکێتییەکی مۆدێرنی نەبێت، هێزە دەرەکییەکانی وەک تورکیا و عێراق هاوسەنگییەکە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاردەهێنن. بۆیە پێویستە میر لە سەرووی عەقڵی باوی کۆمەڵگاوە هەنگاو بنێت و سوود لە هەلی نێودەوڵەتی وەک بڕیاری ٦٨٨ وەربگرێت بۆ چەسپاندنی پایەکانی قەوارەکەی لە ناوەندا، چونکە ڕزگاربوون تەنها بە بەکارهێنانی عەقڵی ڕیالیستی لە بەرامبەر بەختی مێژوویدا مسۆگەر دەبێت (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٥٥، ٧١، ٧٩، ٨٨؛ سلێمان، ٢٠١٤، لا١١١)

لە ڕوانگەی مێژوویی و ململانێی ناسنامەوە، کورد زیاتر لە هەزار ساڵە وەک کۆمەڵەیەکی زمانەوانی و کولتووری جیاواز ناسراوە. لە سەردەمی عوسمانیدا، میرنشینە کوردییەکان خاوەن ئۆتۆنۆمی بوون و لە چوارچێوەی ئاییی سوننەدا دەگونجان، بەڵام پێکهاتەی عەشیرەتی و ململانێی ناوخۆیی، جۆرێک لە نامۆبوونی کۆمەڵایەتی دروستکردبوو. لە سەردەمی مۆدێرندا، بەهۆی چەمکەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ، کورد چووە قۆناغی بێداربوونەوە و هۆشیاری نەتەوەیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نامۆبوونی سیاسی و چەسپاندنی مافەکانی لەپێناو کۆمەڵگەیەکی یەکسانندا (بارکی، ٢٠٠٧، ٨-٩).مێژوونووسان وەک ئێپستەن و مارتن هارتمان جەخت لەسەر ڕەسەنبوونی گەلی کورد دەکەنەوە کە خاوەن ئازایەتی و توانای خۆگونجاندنن لەگەڵ شارستانیەتی نوێدا؛ هەرچەندە داگیرکەرانی وەک ئاشووری، فارس، عەرەب و تورک هەوڵی ۆسڕینەوەی ئەم فەرهەنگەیان داوە، بەڵام شکستیان هێناوە. زاراوەی کوردستان بۆ خاکی کوردان لە سەدەی دوازدەمەوە دەرکەوتووە کە زنجیرە چیاکانی تۆرۆس و زاگرۆس دەگرێتەوە و بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش بووە (ڕامبۆ، ٢٠٢٥، ل ٨٥-١٨٦؛ Yildiz, 2007, p. 7).بەپێی تیۆرییەکانی سپیڤاک، ڕۆشنبیرانی پاش ئیستیعمار دەبێت گوتاری ڕەسەنی کۆمەڵگاکەیان بدۆزنەوە نەک بینە لاساییکەرەوەی ڕۆژئاوا، چونکە جەماوەر لە پێویستییەکانی ناوخۆ تێدەگات. بۆ نموونە لە باکوور، کاتێک ئەتاتورک عەلەمانیەتی سەپاند، ڕاپەڕینی چەکداریی لێکەوتەوە؛ حکومەتی تورکیا لە ساڵانی ١٩٢٨-١٩٣٤دا بە ڕێککەوتنی کاتی شۆڕشەکەی هێورکردەوە، بەڵام دواتر لە ساڵی ١٩٣٤دا بە ناردنی لەشکر بۆ ساسوون دیسان سیاسەتی سەرکوتکردنی گرتەبەر (سپیڤاک، ٢٠٢٢، ل ٩-١٠؛ غەرزی، ٢٠٢٥، ل ٤٦).لە هاوتەریبکردنی ئەم وێستگانە لەگەڵ مەکیاڤیللی، ڕوون دەبێتەوە کە مێژوو پێشمەرجە بۆ ئاگایی و ڕزگاربوون، و ناگاییش پاساوە بۆ چەقبەستوویی. بۆ تێپەڕاندنی نامۆبوونی سیاسی و کلتووری، دەبێت گوتارێکی ڕەسەنی سەربەخۆ لە عەقڵی جەماوەرەوە دروست بکرێت، چونکە هۆشمەندیی مێژوویی و پاراستنی خەسڵەتە کولتوورییەکان گرنگترین قەڵغانن بۆ ڕێگری لە سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی لە ململانێی هاوسەنگیی هێزدا (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٤٠، ٥٠، ٥٢).

ئەنجامەکانی توێژینەوە

١- دەوڵەتە داگیرکەرەکان فەلسەفەی سیاسیی مەکیاڤیللی و پراگماتیزمی توندوتیژ وەک ئامرازێکی سەرەکی بەکاردەهێنن بۆ پاساودانی ستەمکاری و چەوسانەوەی نەتەوەیی کورد لە پێناو پاراستنی یەکپارچەیی و بەرژەوەندیی باڵای دەوڵەتەکانیاندا ئەمەش وایکردووە کە مافە مرۆیی و ئەخلاقییەکانی گەلی کورد هەمیشە لەژێر پێی بەرژەوەندییە سیاسییەکاندا پێشێل بکرێن.
٢- ستراتیژییەتی سەرەکیی داگیرکەران بۆ هێشتنەوەی هەژموونی خۆیان بریتییە لە دابەشکردنی پێکهاتەی ناوخۆیی کورد ئەم هێزانە بەردەوام کار لەسەر دروستکردنی ناڕوونی و ناکۆکی لە نێوان لایەنە سیاسی و جوگرافییەکانی کوردستاندا دەکەن ئەم پەرتەوازەییەش ڕێگر بووە لەوەی کە کورد بتوانێت وەک بەرەیەکی یەکگرتوو ڕووبەڕووبوونەوەی پلانە دەرەکییەکان ببێتەوە
٣- گوتاری چەوسانەوەی پەیڕەوکراو لە لایەن نەیارانەوە تەنها سەرکوتکردنی فیزیکی نەبووە بەڵکو پرۆسەیەکی ڕێکخراو بووە بۆ سڕینەوەی تەواوەتی ناسنامەی نەتەوەیی و گۆڕینی دیموگرافیا و سڕینەوەی مێژوو و کولتووری ڕەسەنی کوردی ئەم میکانیزمانە ئامانجیان تێکشکاندنی دەروونی و نەتەوەیی تاکی کورد بووە تا هەمیشە هەست بە بێهێزی بکات
٤-واقیعی سیاسیی کورد نیشانی دەدات کە گیری خواردووە لە نێوان ئەخلاقیاتی بەرهەڵستکاری و هاوسەنگیی هێزدا کورد هەمیشە خەباتەکەی لەسەر بنەمای دادپەروەری بووە بەڵام نەیتوانیوە ئەم ئەخلاقە بگۆڕێت بۆ هێزێکی ڕیالیزمی سیاسی نەبوونی هێزی هاوسەنگ لە گۆڕەپانەکەدا وایکردووە کە قوربانییەکان نەبنە مایەی دەستکەوتی سیاسیی گەورە و بەردەوام
٥- توێژینەوەکە دەسەلمێنێت کە بۆ دەربازبوون لەم هاوکێشە مەکیاڤیللیە پێویستە کورد پێناسەی کایەی سیاسیی خۆی بکاتەوە دەبێت لە گوتاری مەزلومییەت و چاوەڕوانکردنی بەزەیی نێودەوڵەتییەوە بەرەو دروستکردنی کارتی گوشار و هێزی ناوخۆیی بڕوات تەنها لە ڕێگەی تێگەیشتن لە هاوسەنگیی هێز و بەرژەوەندییەکانەوە کورد دەتوانێت ڕەوایەتی بە مافە نەتەوەییەکانی خۆی بدات.

پێشنیازی توێژینەوە

پێشنیاز دەکرێت کە سەرکردایەتی سیاسیی کورد واز لە گوتاری سۆزداری بهێنێت و بەرەو فەلسەفەیەکی ڕیالیزمی سیاسی هەنگاو بنێت پێویستە کار لەسەر یەکخستنی گوتاری نەتەوەیی و ناوخۆیی بکرێت بۆ پووچەڵکردنەوەی ستراتیژییەتی دابەشکاریی لای داگیرکەران داوا دەکرێت دامەزراوەی ئەکادیمی و توێژینەوەی بەهێز دابمەزرێن بۆ خوێندنەوەی پێشوەختی پلانەکانی دەوروبەر لەسەر بنەمای مەکیاڤیللیزم پێشنیاز دەکرێت دۆزی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش بخرێتە ڕوو نەک تەنها مەزلومییەتکاربکرێت بۆ گۆڕینی ئەخلاقی بەرهەڵستکاری بۆ هێزێکی سیاسیی کاریگەر کە توانای یاریکردنی هەبێت لە هاوسەنگیی هێزدا پێویستە لایەنە کوردییەکان تێبگەن کە پاراستنی هەژموونی نەتەوەیی پێویستی بە دامەزراوەی نیشتمانیی یەکگرتوو هەیە پەرە بە هۆشیاریی گشتی بدرێت لەسەر چۆنیەتی کارکردنی دەسەڵاتخوازیی دەوڵەتان بۆ ئەوەی ڕێگری لە سڕینەوەی ناسنامە بکرێت پێشنیازی کۆتایی ئەوەیە کە کورد ببێتە کارەکتەرێکی سەرەکی لە کێشانی نەخشەی سیاسیی ناوچەکەدا بە بەکارهێنانی کارتەکانی گوشار.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

لیستی سەرچاوەکان
١. ئەبوبکر، ئەحمەد عوسمان (٢٠٠٥) کورد و کوردستان لە کۆمەڵە وتارێکی مێژووییدا. وەرگێڕانی ئازاد عوبێد ساڵح. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.
٢. ئومێد، عەلی و عوسمان، هاوڕێ (٢٠٢٣) سەد ساڵ دوای پەیمانی لۆزان؛ لێکەوتە و دەرهاویشتەکانی لەسەر کوردستان. چاپی یەکەم. سلێمانی: ناوەندی لێکۆڵینەوەی مێژوویی.
٣. جوەیدە، وەدیع و. (٢٠٠٨) جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد  بنەماو پەرەسەندن. وەرگێڕانی یاسین. سەردەشتی. سلێمانی: چاپخانەی سیما.
٤. سەجادی، عەلائەدین (١٩٥٩) مێژووی ڕاپەڕینی کورد. چاپی یەکەم. بەغداد: چاپخانەی مەعاریف. (تێبینی: چاپی دووەمی ئەم پەرتووکە لە ساڵی ١٩٩٦ی زایینی/١٣٧٥ی هەتاوی لە سەقز بڵاوکراوەتەوە).
٥. سەنگاوی، فەرهاد (٢٠١٤) مێژووی سیاسی باشووری کوردستان لە نێوان دوو جەنگدا. هەولێر: ڕۆژهەڵات.
٦. عبدوالخالق، مەسعود (٢٠١٢) ناسنامەی حیزبە کوردستانییەکان. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی هێڤی.
٧مەکداول, دەیڤد (٢٠٠٨) مێژووی هاوچەرخی کورد. وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو. چاپی دووەم. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
٨. حەسەن، غازی(٢٠٢٥) گوتاری فەرمیی "بەریتانیای مەزن" و شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١-١٩٧٦. هەولێر: دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.
٩. ڕامبۆ، لوسیەن(٢٠٢٥) کورد و مافەکانی. وەرگێڕانی: عەلی ساڵح پیرانی. هەولێر: لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.
١٠. سۆرانی، سامان(٢٠٢٥). کوردستان، لە ڕاپەڕینەوە بۆ ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
١١. سپیڤاک، گایاتری(٢٠٢٢) ژێردەستە دەتوانێ قسەبکا؟. وەرگێڕانی: سەنگەر حاجی. هەولێر: چاپخانەی ڕۆکسانا.
١٢. غەرزی، موحەممەد مەلا عەبدوڵلا (٢٠٢٥) پێشمەرگە و دادوەرێ شۆڕەشا بارزانی: مەلا عەبدوڵلا مەلا ڕەشیدێ غەرزی. چاپی یەکەم.
١٣. فەتاح، ماجید خەلیل(٢٠٢٥) سەدەیەک داستان و دانوستانی کورد و عێراق و شوناسی ناوچە کوردستانییە دابڕێنراوەکان. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
١٤. قادر، کەریم (٢٠٢٥)هەولێر چەقی خەباتی سیاسی کوردستان. هەولێر: چاپخانەی دانیشفەر.
١٥. گیبسن، بریان ڕۆبەرت ( ٢٠١٩) ئەرێ کورد بوونە بەردەبازا!؟ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، عێراق، کورد و جەنگی سارد ١٩٥٨-١٩٧٥. وەرگێڕانی: شەفیقی حاجی خدر. چاپی یەکەم. هەولێر: بەڕێوبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان.
١٧. بێشکچی، ئیسماعیل(٢٠٠٢) کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی. وەرگێڕانی: حەمە ڕەشید. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
١٨. غەریب، دیار( ٢٠١٦) خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی کوردستان. چاپی یەکەم. سلێمانی: چاپخانەی ئازادی.

١٩. باركي، هنري وآخرون. (٢٠٠٧). القضية الكوردية في تركيا (ترجمة: هەڤال). بنكەی توێژینەوە. أربیل.
٢٠. جاف، حوسێن. (٢٠٢٤). توانستە جوگرافییەکانی هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای سیاسی). هەولێر: دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.
٢١. عیسمەت شریف وانلی (٢٠٢٥) کوردستانستانی عێراق وەک قەوارەیەکی نەتەوەیی، لێکۆلینەوەیەک لە بارەی شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٦٩، بەکوردی کردنی لەفەرەنسیەوە: هەڵگورد شوکر، لە بلاوکراوەکانی ئینسکلۆپیدیای پ.د.ک, چاپخانە ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٢٢. شەکیب ئاکرەیی (٢٠٢٣)، سالانی مەینەتی لە کوردستان گرنگترین ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکانی کوردستان و عێراق لە نێوان سالانی (١٩٥٨-١٩٨٠)، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە: کاوە هاوراز، دەزگای فام بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، هەولێر.
٢٣. پێنجوێنی، محەمەد ئەمین، (٢٠٢١)، چۆن بووم بەپرد؟! بیرەوەرییەکانی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
٢٤. جەلال تاڵەبانی (٢٠١١) کوردستان وبزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، وەرگێرانی لە عەرەبیەوە: ح-١، کتێبخانەی جەمالی عەلی باپیر، سلێمانی.
٢٥. شێرزاد زەکەریا محەمەد (٢٠٢١) ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان – عێراق، توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسی گشتی ١٩٦٤-١٩٧٠، دهۆک.
٢٦. وریا ڕەحمانی (٢٠٢٤) شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگە نامە نهێنییەکانی فەرەنسادا ١٩٦١-١٩٧٦، چاپخانە ڕۆکسانا، هەولێر.
٢٧. کرێس کۆچێرا (٢٠٠٦) کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستەم دا، و: حەمە کەریم عارف، چ: سێیەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٢٨. دیڤید مەکداول (٢٠٠٥) مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٢٩. بورهان حاتەم گۆمەتاڵی (٢٠٢٤)، هەڵمەتی ڕەشبگیری ساڵی ١٩٦٣ی هەولێر لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی عێراقدا، چاپخانە زانکۆی سەلاحەدین. هەولێر.
٣٠. میڤان عارف بادی (٢٠٠٥) الحركة القومية التحررية في كوردستان العراق ١٩٥٨-١٩٦٣، دار سپيريز للطباعة والنشر، دهۆک.
٣١. سەلاح ڕەشید (٢٠١٩) بەرگی یەکەم، مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان، سلێمانی.
٣٢. ژان پرادیێر (٢٠٢٥)، شۆڕشی بێدەنگ، وەرگێڕانی لەفەرەنسییەوە: هەڵگۆرد شوکر، چاپخانە دانیشفەر، هەولێر.
٣٣. سەلاح رەشید (٢٠٢٢)، شەڕی ناوخۆی کورد بۆچی سەری هەڵدا؟ چۆن گەشەی کرد؟ سەرەنجام!، چ: دووەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان، سلێمانی.
٣٤. زامدار ئەحمەد، کۆیە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول دا ١٩٦١-١٩٧٥، چاپخانە دانشفەر، هەولێر.
٣٥. مەسعود بارزانی، (٢٠٠٤)، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگی سێیەم بەشی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٣٦. سەیف عەدنان قەیسی (٢٠٢٤)، کنەکردن لەیادوەریدا عەزیز محەمەد، و: لوقمان باپیر، ناوندی ئاشتی. هەولێر.
٣٧. براین ڕۆبەرت گیبسن، (٢٠٢٢) ئەرێ کورد بوونە بەردەباز؟!، و: شەفیقی حاجی خدر، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی.
٣٨. ئیبراهیم جەلال (٢٠٢١)، باشوری کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١-١٩٧٥، چ: چوارەم.
٣٩. عەلی تەتەر نێرەوەیی (٢٠٢٢)، سیاسەتی حکومەتی عێراق لە کوردستان لە سایەی بەڵگەنامە فەرمییەکاندا ١٩٧٥-١٩٩١، بەرگی یەکەم، کتێبخانا جزیری، دهۆک.
٤٠. ئێدگار ئۆ باڵانس (٢٠٢٢) کرۆنۆلۆژیای شۆڕش و خەباتی کورد لەسەدەی نۆزدەوە تا ساڵی ١٩٩٤، و: دڵشاد میران، هەولێر.
٤١. مەنتک، کامەران. (٢٠٢١) کوردستان لە ڕۆژگارە سەختەکاندا. هەولێر: هەرێمی کوردستان. (شێوازی ئەلیکترۆنی).
٤٢. هەینی شێرزاد (٢٠٢٥) بیرەوەرییەکانی فواد معصوم، دەزگای فام، هەولێر.
٤٣. غەریب، دیار. (٢٠١٦)، کورتە مێژوویەکی عێراق و باشووری کوردستان. (چاپخانەی ئازاد).
٤٤. سلێمان، تەها (٢٠١٤) جینۆسایدی گەلی کورد، چاپی یەکەم، (ب.ش).
٤٥. سەنگاوی، نەجم. (٢٠١٤). کوردستان و سەرکردە و ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی لە (١١٦٩-١٩٩٥ز). چاپی یەکەم.
٤٦. سەردەشتی، ی.، (وەرگێڕ) (٢٠٢٢). هاوکارییە مرۆییەکان لەکوردستانی عێراق. سلێمانی: زانکۆی سلێمانی.
٤٧. عەباس-جەبار ئەحمەد، گ (٢٠٢١). ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد. ژووری توێژینەوەکان (سیاسی، ئابووری و ستراتیژییەکان)ی بزووتنەوەی گۆڕان.
٤٨. محەمەدڕەشید، هـ. م.، ٢٠٢٤. خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان (١٩٧٦-١٩٨٨). هەولێر: چاپخانەی دانیشفەڕ.
٤٩. طبارە، ع. (١٩٩٦) روح‌الدين اسلامی. وەرگێڕانی: ئەحمەد حەسەنزادە، سەقز.
٥٠. گەلالی، ک. ع.، ٢٠٠٩. باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٥٨ەوە تا ئەمڕۆ، چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی کاروان.
٥١. علی وەردی(٢٠١٥) لۆژیکی ئیبن خەلدون، و: مەشخەڵ کەولۆسی، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٥٢. عبدالرحمن بن خەلدون (٢٠١٦)موقەدیمەی ئیبن خەلدون، و: سعید بەشیر، چاپخانەی گەنج (سلێمانی).
٥٣. عیزەدین ئیبن ئەسیر (م:٦٣٠ك/١٢٣٢ز).

٥٤. نێکۆلا مەکیاڤیللی، (٢٠١٩) میر، و: بەختیار ئەحمەد ساڵح، چاپخانەی گەنج (سلێمانی: ٢٠١٩).

٥٥. علی وەردی (٢٠٠٤) کەسێتی تاکی عێراقی، چاپخانەی زانکۆ، بێ شوێنی چاپ.

٥٦. رامین جیهانبەگلو (٢٠٠١) مەکیاڤلی و بیری ڕێنسانس، و : موسڵح ئیروانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٥٧. ئەنشتاین و فرۆید (٢٠٠٧) پاڵنەرەکانی جەنگ، و: مەریوان هەڵەبجەی، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی.

٥٨. ویل ئاریل دیورانت (٢٠٠٧) مێژووی شارستانیەت، و: عبداڵله ڕەسوڵی، چوارچرا، سلێمانی.

٥٩. گاستۆن بۆتۆل (٢٠٠٦) کۆمەڵناسی جەنگ، و: مەنسوور تەیموری و سەردار حەسەنی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.

٦٠. مەریوان عبدول (٢٠٠٧) فەلسەفەی مێژوو لای شپنگلەر، چاپخانەی خانی دهۆک.

61. Yildiz, K., 2007. The Kurds in Iraq: Past, Present and Future. Revised edition. London: Pluto Press.

List of sources


1. Abubakr, Ahmad Osman (2005) Kurds and Kurdistan in a collection of historical articles. Translated by Azad Obed Salih. Erbil: Mukriani Publishing House.
2. Omid, Ali and Osman, Friends (2023) One Hundred Years After the Treaty of Lausanne; Consequences on Kurdistan. First Edition. Sulaimani :Historical Research Center.
3. Juwayda, Wadi' and. (2008) Kurdish National Movement Principles and Development . Translated by Yasin. Sardashti. Sulaimani: Sima Printing House.
4. Sajadi, Alaeddin (1959) History of the Kurdish Uprising. First Edition. Baghdad: Knowledge Printing House. (Note: The second edition of this book was published in 1996 in Saqiz.(
5. Sangawi, Farhad (2014) Political History of South Kurdistan Between Two Wars. Erbil: Rojhelat.
6. Abdulkhaliq, Massoud (2012) Identity of Kurdish Parties. First Edition. Erbil: Hevi Printing House.
7. McDowell, David (2008) Contemporary Kurdish History. Translated by Abubakr Khoshnaw. Second Edition. Sulaimani: Sardam Publishing House
8. Hassan, Ghazi ( 2025 ) Official Discourse of Great Britain and the September Revolution 1961-1 Erbil: Kurdistan Democratic Party Encyclopedia Board.
9. Rambo, Lucien ( 2025 ) Kurds and their rights. Translated by: Ali Salih Pirani. Erbil: Publications of the Encyclopedia Board of the Kurdistan Democratic Party.
10. Sorani, Saman (2025 ) Kurdistan, from the uprising to the independence referendum. Erbil: Rojhelat Printing House.
11. Spivak, Gayatri ( 2022 ) Can the Subordinate Speak?. Translated by :Sangar Haji. Erbil: Roxana Printing House.
12. Gharzi, Mohammed Mullah Abdullah ( 2025 ) Peshmerga and judge of the Barzani Revolution: Mullah Abdullah Mullah Rashid Gharzi. First Edition.
13. Fatah, Majid Khalil ( 2025 ) A Century of Kurdish-Iraqi Stories and Negotiations and the Identity of the Separatist Kurdish Regions. Erbil :Rojhelat Printing House.

14.Qadir, Karim (2025) Erbil is the center of Kurdistan's political struggle. Erbil: Danishfar Printing House.
15.Gibson, Brian Robert ( 2019 ) Have the Kurds become stone throwers ?!US Foreign Policy, Iraq, the Kurds, and the Cold War 1958-1975. Translated by :Shafiqi Haji Khadr. First Edition. Erbil: General Directorate of Public Libraries.
16. Beşkçi, Ismail ( 2002 ) Kurdistan an international colony . Translated by: Hama Rashid. Sulaimani: Sardam Publishing House.
17. Gharib, Diyar ( 2016 ) A New Reading of Kurdistan History. First Edition. Sulaimani: Azadi Printing House.
18. Barkey, Henry and Achron. (2007). The Kurdish Case in Turkey )Translation: Comrade). Research Foundation. Erbil.
19. Jaff, Hussein. (2024). Geographical Capabilities of the West Kurdistan Region (A Study in Political Geography). Erbil: Kurdistan Democratic Party Encyclopedia Board.
20. Ismet Sharif Wanli (2025) Iraqi Kurdistan as a National Entity, a Study on the September Revolution 1961-1969, translated from French by Halgurd Shuker, PDK Encyclopedia Publications, Rojhelat Printing House, Erbil.
21. Shakib Akrayi (2023), Years of Suffering in Kurdistan: The Most Important Political and Military Events in Kurdistan and Iraq between ,١٩٨٠-١٩٥٨ translated from Arabic by Kawa Hawraz, FAM Publishing House, Erbil.
22. Penjweni, Mohammed Amin, (2021), How did I become a bridge !?Memoirs, Karo Printing House, Sulaimani.
23. Jalal Talabani (2011) Kurdistan and the Kurdish National Movement ,translated from Arabic: H-1, Jamali Ali Bapir Library, Sulaimani.
24. .٢٥Sherzad Zakaria Mohammed (2021) Revolutionary Leadership Council in Kurdistan-Iraq, A General Political Historical Study 1964-1970, Duhok.
25. Warya Rahmani (2024) September Revolution in Secret Documents of France 1961-1976, Roxana Printing House, Erbil.

26. Chris Cochera (2006) Kurds in the Nineteenth and Twentieth Centuries ,by Hama Karim Arif, ed., Ministry of Education Printing House, Erbil.
27. David McDowell (2005) Contemporary Kurdish History, and: Abubakr Khoshnaw, Ministry of Education Printing House, Erbil.
28. Burhan Hatem Gomatali (2024), The 1963 Erbil Blackmail Campaign in Secret Documents of the Iraqi Government, Salahaddin University Press. Erbil.
29. Mivan Arif Badi (2005) The National Liberation Movement in Iraqi Kurdistan 1958-1963, Spirits Printing and Publishing House, Duhok.
30. Salah Rashid (2019) Volume 1, Mam Jalal Meeting of Age from Youth to the Republican Palace, Writers Cultural Center, Sulaimani.
31. Jean Pradier (2025), Silent Revolution, translated from French by Halgord Shoker, Danishfar Printing House, Erbil.
32. .Salah Rashid (2022), Why did the Kurdish civil war break out? How did it grow? Finally!, Ch: II, Writers' Cultural Center, Sulaimani.
33. Zamdar Ahmad, Koya during the September Revolution 1961-1975 ,Danishfar Printing House, Erbil.
34. Massoud Barzani, (2004), Barzani and the Kurdish Liberation Movement, September Revolution 1961-1975, Volume 3, Part 2, Ministry of Education Printing House, Erbil.
35. Saif Adnan Qaisi (2024), Digging in Memory Aziz Mohammed, edited by Luqman Bapir, Peace Center. Erbil.
36. Brian Robert Gibson, (2022) Are Kurds Become Stone Throwers ,!?edited by Shafiqi Haji Khadr, Jamal Irfan Cultural Institute, Sulaimani.
37. .Ibrahim Jalal (2021), South Kurdistan and the September Revolution ,Construction and Demolition 1961-1975, Vol.
38. .Ali Tatar Nerwayi (2022), Policy of the Iraqi Government in Kurdistan in the Shadow of Official Documents 1975-1991, Volume 1, Jaziri Library, Duhok.

39. .Edgar O. Balance (2022) Chronology of Kurdish Revolution and Struggle from the Nineteenth Century to 1994, edited by Dilshad Miran, Erbil.
40. .Mantak, Kamran. (2021) Kurdistan in difficult times. Erbil : Kurdistan Region. (Electronic mode.(
41. Friday Sherzad (2025) Memoirs of Fuad Massoum, FAM Foundation ,Erbil.
42. .Strange, obvious. (2016), A Brief History of Iraq and South Kurdistan. (Free Press.(
43. Sulaiman, Taha (2014) Genocide of the Kurdish People, First Edition) ,B.Sh.(
44. .Sangawi, Najm. (2014). Kurdistan and its leaders, uprisings and revolutions in (1169-1995). First Edition.
45. .Sardashti, Y., (ed.) (2022). Humanitarian aid in Iraqi Kurdistan . Sulaimani: University of Sulaimani.
46. .Abbas-Jabbar Ahmad, G.S (2021). Anfal and Genocide of the Kurdish People. Research Chamber (Political, Economic and Strategic) of Gorran Movement.
47. Mohammad Rashid, H.S. M., 2024. Armed Struggle in South Kurdistan .(١٩٨٨-١٩٧٦) Erbil: Danishfar Printing House.
48. .Tabara, A. (1996) Ruhuddin Islami. Translated by Ahmad Hassanzadeh ,Saqiz.
49. .Galali, K.S. A., 2009. South Kurdistan from 1958 to the present , first edition. Erbil: Karwan Printing House.
50. .Ali Wardi (2015) Logic of Ibn Khaldun , and: Mashal Kawlosi, Ganj Printing House , Sulaimani.
51. .Abdulrahman bin Khaldun (2016) Introduction to Ibn Khaldun , edited by Saeed Bashir, Ganj Printing House (Sulaimani.(
52.' .Izaddin ibn 'Asir (d. 630 AH/1232 AD.(
53. .Nicola Machiavelli (٢٠١٩) , Mir , and: Bakhtiar Ahmad Salih, Ganj Printing House (Sulaimani.(٢٠١٩ :
54. .Ali Wardi (2004) Iraqi Individual Set, University Printing House , no place of publication.
55. .Ramin Jehanbeglo (2001) Machiavelli and Renaissance Thought, and Mosleh Irvani ,Ministry of Education Printing House , Erbil.

56. .Einstein and Freud (2007) Motives of War, edited by Mariwan Halabja, Translation Center Directorate , Sulaimani.
57. .Will Ariel Durant (2007) History of Civilization, edited by Abdullah Rasuli, Chawarchra , Sulaimani.
58. Gaston Botol (2006) Sociology of War, edited by Mansour Taymouri and Sardar Hassani ,Tişk Printing House , Sulaimani.
59. .Mariwan Abdul (2007) Philosophy of History by Spengler, Khani Printing House Duhok K
60. Yildiz, K., 2007. The Kurds in Iraq: Past, Present and Future. Revised edition. London: Pluto Press.